# The issue of territorial integrity in the minds of the Turks "From the Treaty of Sevres to the Treaty of Lausanne" (1920-1923)

**Salam Abdulkarim Abdullah**
Sulaimani University - College of Humanities Education / Sayed Sadiq / Department of History

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2581kq.04*
*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*World War I led to the collapse and disintegration of the Ottoman Empire and the creation of a new political and geographical map in the region. Some nationalities gained their rights and others were deprived of them. For the Kurds, the Paris Peace Conference (1919) and the Treaty of Sèvres (1920) gave hope of establishing self-rule and a semi-independent entity on part of the lands of northern and southern Kurdistan, but because of the Turks' keenness to preserve the unity of their lands and confront all attempts at division, this dream and hope were aborted. In this regard, the efforts of the Turks began since the War of Independence by rejecting all treaties related to the issue of dividing the lands of the Ottoman Empire, and they adopted various forms of political, diplomatic, and armed struggle until the Treaty of Lausanne was signed. This study attempts to answer the question of why the Turks refused to divide their lands on the one hand and made diplomatic and armed efforts to confront this division on the other hand. This study aims to analyze the Turkish view on the issue of territorial integrity and ways to protect it from the outbreak of the War of Independence in 1919 until the Treaty of Lausanne in 1923.*

***Keywords:*** *World War I, the Ottoman Empire, the Kurds, the Turks, Sèvres, Lausanne.*

# پرسی یەکپارچەیی خاك لەبیرکردنەوەی تورکەکاندا
# "لەپەیماننامەی سیڤەرەوە تا پەیماننامەی لۆزان"
# (١٩٢٠- ١٩٢٣)

پ. ی. د. سلام عبدالكريم عبدالله
زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سەید سادق / بەشی مێژوو
Salam.abdulla@univsul.edu.iq

پوختە:

جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی نەخشەی سیاسی و جوگرافی نوێ لەناوچەکەدا. بەجۆرێک بەشێک لە نەتەوەکانی ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە بە مافەکانیان گەیشتن و هەندێکی تریش بێبەشبوون. ئەوەی تایبەت بوو بە کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس (١٩١٩) و پەیماننامەی سیڤەر(١٩٢٠)دا، ئومێدێک هاتەئارا بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی خودموختاری لەسەر بەشێک لە خاکی ناوچەکانی باکور و باشوری کوردستان، بەڵام بە هۆی پێداگری تورکەکان لەسەر پارێزگاری لەیەکپارچەیی خاکەکەیان و بەگژاچوونەوەی هەموو هەوڵەکان، ئەو ئومێد و خەونە نەهاتەدی و لەناوبرا.

هەوڵی تورکەکان لەم پێناوەدا بۆ پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاکەکەیان لە جەنگی سەربەخۆییەوە دەستپێدەکات، تا ڕەتکردنەوەی سەرجەم ئەو ئاگربەست و پەیماننامە و ڕێککەوتننامانەی تایبەت بە دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی هاتبوونەئارا. بۆئەمەش چەندین شێوازی خەباتی سیاسی و چەکداری و دیپلۆماسیان گرتەبەر، تا بەستنی پەیماننامەی لۆزان.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە بۆچی تورکەکان لە لایەک دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانیان ڕەتکردەوە و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی دیپلۆماسی و چەکدارییان گرتەبەر، بۆ بەرەنگابوونەوەی ئەو دابەشکردنە. هەروەک ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیە بۆ تێڕوانینی تورکەکان بۆ پرسی یەکپارچەیی خاک و شێوازەکانی پارێزگاری لێکردنی لە سەرهەڵدانی جەنگی سەربەخۆیی ١٩١٩ تا بەستنی پەیماننامەی لۆزان ١٩٢٣.

کلیلە وشە: جەنگی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتی عوسمانی، کورد، تورک، سیڤەر، لۆزان.

## پێشەکی

کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی تەنها هۆی داڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵکو لەگەڵیشیدا بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک نەخشەی جوگرافی و سیاسیی نوێ لە ناوچەکەدا بێتەئارا. کە چارەنوسی گەلانی ژێر سایەی ئەو دەوڵەتەی پێوە پەیوەستبوو. یەکێک لەو گەل و نەتەوانەش کورد بوو. ئەگەرچی کۆنگرە و پەیماننامەکانی دوای جەنگ، بە تایبەت پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠)، تارادەیەکی زۆر داواکاری و مافی نەتەوەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاریی و قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆدا بەرجەستەکردبوو، بەڵام بەهۆی پێداگری تورکەکان و بزوتنەوەی نیشتمانی تورک لەسەر پارێزگاری لەیەکپارچەیی خاک و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی دابەشکردنی خاکەکەیان، هەوڵە سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسییەکان گرتەبەر و توانیان ڕێگری لە جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤەر بکەن. تا دواجار پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) جێگەی گرتەوە و ئومێد و هیوای کورد نەهاتەدی. لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لەو مشتومڕەی لە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سیڤەرەوە تا بەستنی پەیماننامەی لۆزان هاتەئارا، پەیوەندی بە بابەتی نەخشەی سیاسی و خاکەوە هەبوو، بەجۆرێک ئەوەی لە سیڤەر و پەیماننامە و کۆنگرە ئاشکرا و نهێنییە نێودەوڵەتییەکان، لە لایەن براوەکانی جەنگ و بە دیاریکراویش وڵاتانی هاوپەیمانەوە بڕیاریان لێدرا، کە خۆی لە کۆمەڵێک نەخشەی سیاسی نوێ دەبینێتەوە، لەسەر خاکی دەوڵەتی عوسمانی هاتنەئارا. ئەوەش هەر لە پەیماننامەی لۆزانەوە بەرجەستە بوو، دیسان بریتی بوو لە دروستبوونی نەخشەی سیاسی نوێ، بە پشتبەستن بە ڕەتکردنەوەی نەخشە نوێیە سیاسییەکان.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تا ئێستا لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەوە، توێژینەوە لەسەر بابەتی یەکپارچەیی خاک لە بیرکردنەوەی تورکەکان لە سەروبەندی واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر و دواتریش لۆزاندا ئەنجامنەدراوە. بەڵکو زیاتر لە ڕوانگەی ڕووداوە مێژووییەکانی پەیوەست بە سیاسەتی وڵاتان و هەڵوێستی ناوخۆیی کورد باس لە شکستهێنانی پەیماننامەی سیڤەر و واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان کراوە. لە کاتێکدا جوگرافیای سیاسی، دەتوانێت یارمەتیمانبدات بۆ لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی زۆر زانیاری زیاتری شاراوەی مێژوویی تایبەت بە پەیماننامەی لۆزان، پاش سەد ساڵ دوای واژۆکردنی ئەو پەیماننامەیە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی بابەتی یەکپارچەیی خاک لە تێڕوانینی تورکەکاندا، ئەمەش پەیوەندی بە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سیڤەر و هاتنەئارای پەیماننامەی لۆزانەوە هەبوو. چونکە پەیمانی لۆزان ڕەتکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە جوگرافییە نوێیانە بوو، کە لە ڕوانگەی جوگرافی سیاسییەوە، لە پەیمانی سیڤەردا، بەسەر نەخشەی جوگرافی سیاسی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتبوو.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی پەیڕەوکراوە. بە جۆرێک ڕووداوە مێژووییەکان بەپێی قۆناغەکان باسکراون، دواتر شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانستییان بۆ کراوە. لە هەر جێگەیەکیشدا پێویست بووبێت، تویژەر ڕا و سەرنجی خۆی لەسەر نوسیوە و شرۆڤەی کردوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو باس پێکهاتوە. باسی یەکەم بۆ (جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی) تەرخانکراوە. بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەم لەبارەی (ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی)یە. تەوەری دووەم لەبارەی (پەیماننامەی سیڤەر ١٩٢٠ و کاریگەری لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی)یە. هەرچی باسی دووەمە، بۆ (هەوڵی تورکەکان لە پێناوی پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکدا لە جەنگی سەربەخۆییەوە تا پەیماننامەی لۆزان١٩١٩-١٩٢٣) تەرخانکراوە. بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی (یەکخستنی ڕیزی نیشتمانی)یە. تەوەری دووەم لەبارەی (هەوڵی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی)یە. لەکۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو. لەم توێژینەوەیەدا پانتاییەکی زیاترمان بەراورد بە باسی یەکەم بۆ باسی دووەم تەرخانکردوە، چونکە کرۆکی ناونیشان و بابەتی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت.

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە ژمارەیەک سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگیراوە، لەوانە، کتێبی (الدولة العثمانية)ی (دونالد كوارترت)، (كوردستان فى سنوات الحرب العالمية الاولى)ی (د.كمال مظهر احمد)، (القضية الكوردية و تاثيرها على دول الجوار) ی(د.خليل على مراد واخرون) و (ولادة الشرق الاوسط)ی (ديفيد فرومكين).

هەروەها سوود لە ژمارەیەک نامە و تێزی زانکۆییش وەرگیراوە، لەوانە نامەی ماستەری (حنا عزو بهنان) بە ناونیشانی (التطورات السياسية فى تركيا ١٩١٩-١٩٢٣)، تێزی دکتۆرای (علاء طه ياسين) بە ناونیشانی (عصمت اينو ودوره السياسى فى تركيا) و تێزی دکتۆرای (مراح هادى) بە ناونیشانی (الاتجاهات القومية فى تقويض الدولة العثمانية). هاوکات سوود لە سەرچاوە کوردییەکانیش وەرگیراوە، لەوانە کتێبەکەی (وەدیع جوەیدە) بە ناونیشانی (جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەما و پەرەسەندنی).

## باسی یەکەم

## جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر دەوڵەتی عوسمانی)

### تەوەری یەکەم/ ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی

جەنگی یەکەمی جیهانی، کە بە هۆکارە خودی و ڕاستەوخۆکەی بە کوشتنی (ئەرشیدۆک فردیناند)ی جینشینی نەمسا و هاوسەرەکەی لە (٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤) لە لایەن ئەندامێکی کۆمەڵەی دەستی ڕەش و دواتر بە کاریگەری هۆکارە بابەتییەکان لە نێوان دوو بەرەی گەورەدا دەستپێیکرد، کە پێکهاتبوون لە بەرەی وڵاتانی میحوەر (ئەڵمانیا، دەوڵەتی عوسمانی، نەمساو مەجەر، بولگاریا) و بەرەی هاوپەیمانان (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، یۆنان، بەلجیکا، ئەمەریکا و ڕوسیا دواتر بە هۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ کشایەوە) (ناوخۆش،٢٠٠٩: ٢١). ئەم جەنگە، وەک یەکێک لە ڕووداوە گەورە و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم، تەنها نەبووە هۆی داڕوخان و داوەشانی سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عوسمانی، وەک میراتی گەورەترین فەرمانڕەوایی تورکەکان لەمێژوودا. بەڵکو مەترسی گەورە و کرداریشی لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئەو دەوڵەتە دروستکرد و دواجار مەترسییەکەش بوو بە واقیع.

شکستی سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا دۆخێکی دەروونی تێکشکاوی بۆ تورکەکان دروستکرد، چونکە لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی زۆری بەرەکانی جەنگەکەدا شکستیانهێنا، هاوکات ئەگەر بە گشتی لێیبڕوانین، لە ڕووی دەروونیشەوە تێکشکان. چونکە دوای کۆتایی جەنگ و بە دیاریکراوی پاش واژۆکردنی ئاگربەستی مۆدرۆس (١٩١٨/١١/٣٠) لە دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتێکی فەرمانڕەوا و قسەڕۆیشتووەوە بوونە دەوڵەتێکی داگیرکراو و گوێڕایەڵ. بە جۆرێک چەندین پەیماننامە و ڕێککەوتننامەیان بەسەردا سەپێنرا، کە جارێکی تر نەتوانن لە ژێر ناوی دەوڵەتی عوسمانیدا هەستنەوە سەرپێی خۆیان. هەر ئەم دۆخە دەروونییەش بوو پاڵپێوەنان، تاوەکو هەر دوای شکستی جەنگ دەست بە جەنگی سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازیی بکەن. لەبەرئەوەی جەنگی سەربەخۆیی، ئەگەر بە دیوێکدا جەنگی ڕزگارکردنی خاکی تورکەکان بووبێت لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی جەنگ، ئەوا بە دیوێکی تردا بریتی بوو لە جەنگی ڕزگاری دەروونی تورک، لەو دۆخە دەروونییە تێکشکاوەی بە هۆی ئاسەوارەکانی جەنگەکەوە بەسەریاندا هاتبوو. کاتێک جەنگ کۆتایی هات بە کرداریی و واقیعی دەرکەوت، دەوڵەتی عوسمانی و تورکەکان خاکێکی یەکجار گەورە و بەرفراوانیان لە دەستداوە، جگە لە ئەنادۆڵ (هادی، ٢٠٢٠: ٢٣٣-٢٣٤). هەر لە عێراقەوە تا دەگاتە شام و حیجاز و بەشێک لە ئەفەریقا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، جگە لەوەی چەندین ناوچە و خاکی بایەخداری تریان لەدەستدابوو. بەمەش دەرکەوت، کاریگەرییە سەرەتاییەکانی جەنگەکە لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکەکان لە ئەنجامی جەنگەکەوە دەستیپێکرد و دیفاکتۆش بوو. تورکەکان نەیانتوانی بەر بەو مەترسییە لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەیان بگرن. توانای سەربازییشیان بەو ئەندازەیە لە دەستدا نەبوو، تا

بتوانن جارێکی تر لە ڕێگەی بەردەوامیدان بە جەنگ، ئەو ناوچانە بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان بگێڕنەوە. بۆیە جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی دروستکرد. دواتر ئاگربەستی مۆدرۆس ئەنجامی جەنگەکەی کردە واقیعێکی دانپێدانراوی پەسەندکراو لە لایەن خودی دەوڵەتی عوسمانی و تورکەکان خۆیانەوە، نەیانتوانی نکوڵی لێبکەن. بەمەش گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر نەخشەی سیاسی و کارگێڕیی دەوڵەتی عوسمانیدا هات و لە خاکێکی فراوانەوە گۆڕا بۆ نەخشە و جوگرافیایەکی بچووکی دیاریکراو. کە دواتر پاش سەرکەوتنی جەنگی سەربەخۆیی تورکەکان بە ڕابەرایەتی مستەفا کەمال (١٩٢٣-١٩٣٨) لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا لەساڵی ١٩٢٣ ناوزەدکرا. لەگەڵ ئەوەی لەو قۆناغەدا شتێک نەما بە ناوی یەکپارچەیی خاکی تورک، بەڵکو وەک دەسکەوتی جەنگ لە نێوان وڵاتانی براوەی جەنگەکە لە کۆنگرە و ڕێککەوتننامە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا دابەشکرا (بارکی واخرون، ٢٠٠٧: ١٧-١٨).

ئەگەر لە هۆکارەکانی بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بڕوانین، تێبینی ئەوە دەکەین، لەگەڵ ئەوەی سەرکردە سیاسییەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی و بڕیاربەدەستانی ئەو کۆمەڵەیە هەوڵیاندا سیستەمی تاکحزبی خۆیان بە هۆی سەرکەوتن لە جەنگدا جێگیربکەن و بیچەسپێنن. پەیوەندییەکی پتەویشی بە بابەتی خاکەوە هەبوو. چونکە تورکەکان دەیانویست بە هۆی جەنگەکەوە هەموو ئەو زەویانەی پێشتر لە ململانێ و شەڕە قۆچە سەربازیی و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی ئەو قۆناغە مێژووییەدا لە دەستیاندابوو، جارێکی تر بیگێڕنەوە. هەر لە دەسپێکی جەنگەکەدا، سوپای دەوڵەتی عوسمانی دەسبەجێ و کتوپڕ هێرشیکردە سەر کەنارەکانی دەریای ڕەش لە (٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩١٤). ڕوسیا ئەمەی بە ڕاگەیاندنی جەنگ زانی و لە (٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٨) وەڵامی دەوڵەتی عوسمانی دایەوە. تورکەکان دەیانویست جارێکی تر خاکی ناوچەکانی دەریای ئیجە، قەوقاز، نیمچەدوورگەی عەرەبی و بەشێک لە کیشوەری ئەفەریقا بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. چۆن دەوڵەتانی هاوپەیمانی وەک (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاليا و یۆنان) هەریەکەیان بۆ دەستبەسەراگرتنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی چاویان بڕیبووە، ئەو دەوڵەتە و جەنگیان لە دژی بەرپاکردبوو. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەو قۆناغە هربرت ئاسکویس(١٩٠٨-١٩١٦) لە وتارێکیدا لە ڕۆژی (٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٤) پێشبینیکردبوو، گوتبووی: "**جەنگ زەنگی مردنی موڵک و ماڵی دەوڵەتی عوسمانی لێدا، نەک تەنها لە ئەوروپا، بەڵکو لە ئاسیاش**" (براسیموس، ١٩٩٦: ٨٣). لەبەرئەوەی پێش جەنگەکە پلانی دەستکاریکردنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی و تورکەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی (سایکس- بیکۆ)وە دانرابوو. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردوە، سوراخ و گەڕان و پشکنینی لایەنەکان (مەبەست بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیایە، پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧) لە بارەی نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی وەک هەمان دۆخە، کە لە نێوان کۆمەڵە مافیا و چەتەکەیەکدا ڕوودەدات (المصدر

نفسـه، ١٩٩٦: ١٥٦). بۆیە بەریتانیا هەسـتا لیژنەیەکی پێکهێنا و تا بە دوای هەڵوێسـتی وڵاتانی زلهێز بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی و نەخشەکانیدا بچێت. موریس دوبونسین سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەی کرد، دواتریش مارک سایکسیش چووە پاڵی، تاوەکو ڕاسپاردە پێشکەش بە حکومەتی وڵاتەکەیان بکەن. لەناو لیژنەکەدا مارک سـایکس تاکەکەس بوو، کە سـەردانی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتی عوسـمانی کردبوو. چەند سـیناریۆیەک لەبەردەمیدا هەبوو، لەوانە: دابەشـکردنی موڵک و ماڵی دەوڵەتی عوسـمانی لە نێوان وڵاتە هاوپەیمانەکان یاخود ببێتە ناوچەی نفوز لە نێوانیاندا یان وەک خۆی وازلێبهێنرێت و دەسـەڵاتی فەرمانڕەواییەتییەکەی بە گوێڕایەڵێکی خۆیان بدەن یاخود دەسـەڵاتێکی لامەرکەزی دابمەزرێت و ناوچەکە بۆ چەند ویلایەتێک دابەشـبکرێت. واتا، لە چەند ناوچەیەکی فەرمانڕەوایی پێکهاتبێت، کە خاوەنی مافی خودموختاری بن. دواجار لیژنەکە بژاردەی کۆتایی پەسەندکرد. بۆچوونیان وابوو، بەو شێوەیە، کەمترین تێچوونی ئەوێت. ئەنـدامـانی لیژنەکەش هەسـتیـانکرد، کە ئـازادیـان لە دووبـارە کێشـانەوەی نەخشـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. بەو شـێوەیەی بە شـیاو دەبینن (محفوض، ٢٠١٦: ١١). لیژنەکەی دوبونسین، بە کاریگەری مارک سایکس، لە ڕاپۆرتەکەیدا لە ڕۆژی (٣٠ی حوزەیرانی ١٩١٥) پێشـنیازی دامەزراندنی پێنج ویلایەتی لەناو دەوڵەتی عوسـمانیدا کرد، کە خاوەنی خودموختاری بن. ئەوانیش بریتی بوون لە (سوریا، فەلەستین، ئەرمینیا، ئەنادۆڵ، وڵاتی نێوان دوو ڕوبار- عێراق) و بەریتانیا بەسەر پشتێنە یان ئەو ناوچەیەی زاڵ بێت، کە لە دەریای ناوەڕاستەوە بۆ کەنداو درێژ دەبێتەوە. مارک سایکس نامەیەکی بۆ (ئاوبری هربرت)ی هاوڕێی لە ئەنجومەنی گشـتی بەریتانیا نارد و تیایدا گوتبووی: "**پێویسـتە بوونی تورکیا نەمێنێت و ئەزمیر بۆ یۆنان و ئەنتالیا بۆ ئیتالیا و باشوری چیای تۆرۆس و باکوری سوریا بۆ فەڕەنسا و فەلەسـتین و وڵاتی نێوان دوو ڕوبار بۆ بەریتانیا، ئەوەشـی جگە لەمانە مایەوە بۆ ڕوسـیا و لە ناویشـیدا قوستەنتینیە...**"(فرومکین، ١٩٩٢، ١٦٤). {ڕەنگە مەبەستی مارک سـایکس لە وشـەی تورکیا دەوڵەتی عوسـمانی بێت، چونکە لەو قۆناغەدا دەوڵەتی عوسـمانی بوونی هەبوو، نەک تورکیا و دەوڵەتی تورکیا سـاڵی ١٩٢٣ دروسـتبووە- تویژەر}. دواتریش وایانکرد و لە کاتی وێنەکێشـانەوەی نەخشـەی سـیاسـی و کارگێڕی و جوگرافی ناوچەکەدا، دۆخی کارگێڕیی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ڕەچاونەکرد و بەشی زۆریان لەسەر بنەمای نەتەوەیی داڕشتەوە (کوارترت، ٢٠٠٤: ٣٤٤).

ئاکامی جەنگەکە سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان و تێکشکانی بەرەی میحوەری لێکەوتەوە. دەوڵەتی عوسمانی یەکێک لە دەوڵەتە سەرەکییەکانی پێکهێنەری بەرەی میحوەر بوو. بەپێی ئاگربەستی مۆدرۆس لە ڕۆژی (١٩١٨/١١/٣٠) جەنگی یەکەمی جیهانی ڕاوەستا و مەترسی گەورەی لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکەکان و دەوڵەتی عوسمانی و سیستەمە سیاسی و کارگێڕییەکەی دروستکرد، چونکە ئاگربەستی مۆدرۆس کۆتایی بە یەکێتی سیستەمی سیاسی و کارگێڕی و سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی هێنا، کە ئەم خاڵانەی لەخۆگرتبوو:

١- نەهێشتنی دەسەڵاتی ناوەندی ئەستەنبوڵ بەسەر ناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا (هاوار، ب٢، ٢٠٠٦، ٥).

٢- هەڵوەشانەوەی سوپای دەوڵەتی عوسمانی و تورکەکان.

٣- دەسبەسەرکردنی سەرجەم کەشتییە جەنگییەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

٤- کەشتیوانی لە تەنگەی بۆسفۆڕ و دەردەنیل ئازاد دەبێت و هاوپەیمانان مافی بوونی هێزی پارێزگارییان لەو تەنگانە دەبێت.

٥- ڕێگا بەهێزی هاوپەیمانان دەدرێت، کۆنترۆڵی ڕێڕەوی تۆڕۆس بکەن و دەستبەسەر دامەزراوەکانی کەناراو و بەندەرەکاندا بگرن و ئازادی بەکارهێنانی هێڵی ئاسنی و کەشتی بازرگانی عوسمانیان هەبێت.

٦- دەوڵەتانی هاوپەیمان مافی داگیرکردنی هەندێک لەو خاڵە ستراتیژییانەیان هەیە، کە هەڵیدەبژێرن. (مانتران، ١٩٩٣: ٣٣١-٣٣٢).

لەم ئاگربەستەدا، تێبینی دەکەین، چارەنوسی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت پانتایی ڕووبەرە ئاویی و دەریاییەکانی و تەنگە و ڕێڕەوە ئاوییەکان بەرەو پەرتپەرتکردن ڕۆیشتون. بە جۆرێک خاڵی یەکەمی ئاگربەستەکە، بریتییە لە نەهێشتنی دەسەڵاتی ناوەندی حکومەتی عوسمانی لە ئەستەنبوڵی پایتەختەوە لەسەر ناوچە و شوێنەکانی دەوڵەتەکە. ئەمەش واتای کۆتایی دەسەڵاتی کارگێڕیی و شکۆی تورکەکان بوو بەسەر خاکەکەیان. مەترسییەکی کرداری بوو لەسەر یەکپارچەیی خاکی عوسمانی. چونکە لەو ئاگربەستە بە دواوە بەهۆی ئەم خاڵەوە عوسمانییەکان هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەیانەوە نەما. خاڵی دووەم بریتیبوو لە هەڵوەشانەوەی سوپای دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش واتا، دەسەڵات و هێزی دەوڵەت و توانای پارێزگاری عوسمانییەکان بەسەر خاکی دەوڵەتەکەیان و بابەتی یەکپارچەیی خاکەوە نەما. لەبەرئەوەی ئامراز و کەرەستەی پارێزگاری لە یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عوسمانی، سوپا سەربازییەکەی بوو، ئەمەش لە کاتێکدا سوپا هەڵوەشایەوە. دواتر لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس (١٩١٩)، بڕیار لەسەر دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی درا و خستیانە بواری جێبەجێکردنەوە، پەیمانی سیڤەری لە ساڵی (١٩٢٠) بە دواداهات. ئەوەی مەترسی هەڵوەشانەوەی سوپای عوسمانی لەسەر پەرتکردنی یەکپارچەیی خاکی تورکەکان زیاتر کرد، خاڵی کۆتایی ئاگربەستەکە بوو. باس لەوە دەکات، هاوپەیمانان مافی داگیرکردنی هەندێک لەو خاڵە ستراتیژیانەیان هەیە، کە خۆیان هەڵیدەبژێرن. ئەمەش ڕێگەدانی ڕاستەوخۆی ئاگربەستەکە بوو بەهێزی وڵاتانی هاوپەیمانان بۆ دابەشکردن و دروستکردنی مەترسیبوو لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو خاڵانەی دیکەی ئاگربەستەکە، کە پەیوەندییان بەپانتای و یەکپارچەیی ڕووبەرە ئاوییەکانی دەوڵەتی

عوسـمانییەوە هەبوو، هاوپەیمانان کاریان لە سـەر پارچەپارچەکردن و پەرتکردنی کردبوو. ئەویش سـەرەتا لەدەسبەرکردنی کەشتییە جەنگییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش مافی کەشـتیوانی لەتەنگەی بۆسـفۆر و دەردەنیل. جگە لەمەش، خاڵی دووەمی ئاگربەسـتەکە ڕێگا بەبوونی هێزی پارێزگاری هـاوپەیمـانـان دەدات، لەو تەنگـانەدا بوونیـان هەبێت. لەگەڵ ئەمە، خـاڵێکی دیکە بریتیبوو لەڕێگەدان بە هێزی هـاوپەیمـانـان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی تۆرۆس بکەن و دەسـتبەسـەر دامەزراوەی کەناراو و بەندەرەکانی دەوڵەتی عوسـمانی و بەکارهێنانی هێڵی ئاسن و کەشتی بازرگانی عوسمانی بگرن(زوچەر،٢٠١١: ٢٠٤-٢٠٥).

یەکەمین مەترسـی کرداری لەسـەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسـمانی و تورکەکان، جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەنجام و دەرهاویشـتەکانی دوای جەنگەکە دروسـتیکرد، لەبەرئەوەی یەکەمین دەرهاویشتەی جەنگ ڕاستەوخۆ پاش کۆتاییهاتنی جەنگ بوو کە ئاگربەستی مۆدرۆس هاتەئارا. ئاگربەسـتەش ئەو خاڵانەی لەخۆگرتبوو، کەشـیمانکردەوە. لەگەڵ ئەوەی نەخشـەی دابەشـکردنی موڵک و ماڵ و خاکی دەوڵەتی عوسـمانی وەک لەپێشـتردا ڕوونمانکردەوە، کە لە پەیمانی نهێنی سـایکس- بیکۆدا بڕیاری لەسـەر درابوو. بەڵام جەنگی یەکەمی جیهانی و دەرهاویشـتەکانی ڕەوتی مەترسـی و کاریگەرییەکەی کردە واقیع. هەر ئەم کاریگەری و ئەنجام و دەرهاویشـتەیەی جەنگی یەکەمی جیهانیش بوو، بوو بە ئیلهام بەخشـی تورکە نەتەوەییەکان لە ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی و لە ناو ڕیزەکانی سوپادا، کە هەست بەمەترسییە کردارییەکەی لەسـەر ئایندەی یەکپارچەیی خاکەکەیان بکەن. لە نمونەی مسـتەفا کەمال و ژمارەیەک لە ئەفسـەرە پلە باڵاکانی سـوپای عوسـمانی، کە بەزوویی بکەونە خۆیان و لە ڕێگای بەرپاکردنی جەنگی سـەربەخۆیی و ڕزگاریی نیشـتمانییەوە، سیاسـەتی سـەربازی و مەدەنی و دیپلۆماسـی بگرنەبەر، پێش لەو مەترسـییە بگرن، لایەنیکەم، ئەو جوگرافیایەی دواتر، لە سـاڵی ١٩٢٣ لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا بیپارێزن، لە ڕێگای کۆتاییهاتنی پەیماننامەی لۆزانەوە. ئەگەرچی لە سـاڵانی دواتریشـدا زۆر هەوڵیان بۆ گێڕانەوەی ویلایەتی موسـڵیشـدا، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو.

تەوەری دووەم/ پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) و کاریگەری لەسەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی

وڵاتانی براوەی جەنگ، پاش ئاگربەستی مۆدرۆس، لە پاریس کۆبوونەوە، لە ڕۆژی (١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٩)دا کۆنگرەیەکیان بە ناوی کۆنگرەی ئاشتی بەست. بەمەبەستی دیاریکردنی بنەماکانی سیاسەتی جیهانی، پاش ئاگربەست، دەستی بەکارەکانی کرد. لەو کۆنگرەیەشدا نوێنەری (٣٢) دەوڵەت و شاندی (٢٧) دەوڵەت بەشداربوون. کۆنگرەکە لە ڕۆژی (٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠) کۆتایی بەکارەکانی هێنا (احمد،٢٠١٣، ٣٣٤). لەو کۆنگرەیەدا زۆر بابەت و تەوەری گرنگی پەیوەست بە ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی تاوتوێکراون و

ئەنجامی لێکەوتەوە. نوێنەری کورد لەو کۆنگرەیە بریتیبوو لە جەنراڵ شەریف پاشا (١٨٦٥-١٩٥١)، کە دوو یاداشت و دوو نەخشەی ئاراستەی کۆنگرەکە کرد و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی کردبوو، بە پشتبەستن بە چواردە بەندەکەی ودرۆ ویڵسن (١٩١٣-١٩٢١)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە لەبارەی مافی بڕیاردانی گەلان لە چارەنوسی خۆیان بوو (محمد، ٢٠٢٢: ١٠٣٦). گرنگترین ئەنجامی ئەو کۆنگرەیە، بریتیبوو لە ئامادەکردنی پەیماننامەی سیڤەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژی (١٠ی ئابی ١٩٢٠). لەو کۆنگرەیەشدا (ودرۆ ویلسن) تاڕادەیەک کاریگەری گەورەی لە هەوڵی جێبەجێکردنی (١٤) پرنسیپەکەی خۆیدا هەبوو، لەوانەش مافی بڕیاردانی چارەنوس. ویڵسن وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی گەلانی ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عوسمانی لەبارەی ئینتیدابی چاوەڕوانکراوی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا بە پێویستزانیبوو(محفوض، ٢٠١٦: ١٨-١٩).

ناوەڕۆکی پەیماننامەی سیڤەر بریتیبوو لە بەخشینی تراقیا و دوورگەکانی دەریای ئیجە بە یۆنان. ناوچەکانی هەریەکە لە سوریا و عێراق بخرێنە ژێر سایەی ئینتیداب و بەخشینی سەربەخۆیی بە نیمچە دوورگەی عەرەبی و سەربەخۆیی ئەرمینیا و داڕنینی بۆسفۆر و دەردەنیل لە چەک و خستنە ژێر ڕکێفی کۆمەڵەی گەلان(١٩١٩-١٩٤٦)، سەربەخۆیی کوردستان و دواتریش ڕێگەدان بە ویلایەتی موسڵ بۆچوونە ناو کوردستان. ئەم پەیماننامەیەش، کە یەکێک لە داواکارییەکانی کۆنگرەی ئاشتی پاریس بوو، کە پێکهێنانی (٥) لیژنە و (١٣) بەش و (٤٣٣) مادەی لەخۆگرتبوو. مادە و بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە، زیاتر لە بەندەکانی ئاگربەستی مۆدرۆس، تورکەکانی توڕە و نیگەرانکرد. چونکە ڕەوتی پارچەپارچەکردنی یەکپارچەیی خاکەکەیانی خستە بواری جێبەجیکردنەوە. لەبەرئەوەی بەشی (٦) مادەکانی (٨٨-٩٢) باسی لە کێشەی ئەرمەنەکان دەکرد، بەجۆرێک مادەی (٨٨) بڕیاری لە سەربەخۆیی ئەرمینیا دابوو. مادەکانی تر تایبەت بە نەخشەڕێژکردنی سنوری دەوڵەتی ئەرمینیا و پارێزگاری کەمینەکان و بابەتی بازرگانی... تاد بوو. بە پشتبەستن بە لیژنەی هاربورد، کە ویڵسن بۆ ناوچەکە ناردبوو، کاری لیژنەکە پەیوەست بە ناوچەکانی ئەنادۆڵ بوو(محفوض، ٢٠١٦: ٢٠-٢١). بەشی سێیەمی پەیماننامەکە تایبەت بوو بە کورد و سێ مادەی لەخۆگرتبوو. کە بریتیبوون لە مادەکانی (٦٢،٦٣،٦٤). مادەی (٦٢) باس لەوە دەکات: "**لیژنەیەک لە سێ ئەندام پێکدێت، کە لە نوێنەرانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا دەبن، بۆئەوەی لە دوای شەش مانگ لە واژۆکردنی پەیماننامەکە خودموختارییەکی ناوچەیی بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئامادەبکات یان ئەو ناوچانەی لە ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە درێژدەبنەوە تا بۆ سنوری باشوری ئەرمینیا، کە پێویستە دواتر لەگەڵ سنوری باکوری سوریا- تورکیا و میسۆپۆتامیا یەکلایی دەکرێتەوە**".

مادەی (٦٣) ئاماژە بە ئەوە دەدات:"**حکومەتی عوسمانی گفتدەدات، لە مێژووی ڕاسپاردن و پێووتن تا سێ مانگ بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بدات، کە لە لایەن ئەو لیژنەیەوە ڕادەسپێرێت، کە لەمادەی (٦٢) دا هاتوە**".

مادەی (٦٤) دەڵێت: "**دانیشتووانی کوردی ئەو ناوچانەی لە مادەی (٦٢) هاتوە، ئەگەر خواستی سەربەخۆییان هەبێت، ئەوا ڕوو لە کۆمەڵەی گەلان دەنێن، ئەگەر کۆمەڵەی گەلانیش بۆچوونی وابوو شایستەی سەربەخۆین، ئەوا پێشنیازی سەربەخۆییان بۆ دەکرێت، تورکیاش لەو دیرۆکەوە پابەند دەکرێت بەو پێشنیازەوە و دەست لە هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی خۆی لەو ناوچانە هەڵدەگرێت**"(هاوار، ٢٠٠٦، ٩١-٩٢).

ئەگەر سـەیری ئەو بەش و مادانەی پەیماننامەی سـیڤەر بکەین، هەم ئەوەی تایبەتە بە ئەرمەن و هەم ئەوەش، کە تایبەتە کورد. دەبینین، یەکجار مایەی مەترسـی بووە لەسـەر یەکپارچەیی خاکی تورکەکان. چونکە بەپێی پەیماننامەکە نەخشـەیەکی جوگرافی و سـیاسـی و کارگێڕی نوێ دەهاتە ئاراوە، کە زۆربەی خاکی تورکەکانی پارچەپارچەدەکرد. لە ڕاسـتیدا، کاتێک باس لە پەیماننامەی سـیڤەر یاخود لۆزان کراوە، کایەی ئەکادیمی و ڕوناکبیریی کورد زیاتر تەرکیز لەسـەر ڕوانگە و ڕوانینە کوردییەکە دەکەن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر باس لە فاکتەری کوردیی لەسەرنەکەوتن و شکستی جێبەجێنەبوونی پەیماننامەی سیڤەر کراوە، لەگەڵ قسەکردن لەسەر هەوڵەکانی مستەفا کەمال و تورکەکان بۆ شکستپێهێنانی پەیماننامەی سیڤەر و سـیاسـەتەکانی لە چوارچێوەی بزوتنەوەی کەمالی، لە ماوەی جەنگی سـەربەخۆیی تورکیا (١٩١٩-١٩٢٣)دا. لە کاتێکدا هۆکارە سەرەکییەکەی شکستپێهینانی پەیماننامەی سیڤەر، بریتیبوو لە ڕوانگەی تورکەکان لەبارەی بابەتی یەکپارچەیی خاک لە هزر و دونیابینی ئەواندا. چونکە بابەتی یەکپارچەیی خاک لەبیرکردنەوەی تورکەکاندا، ئەو پێگە گرنگەی داگیرکردبوو، کە ڕوانگەیەکی تەواو نەتەوەیی بوو. هاوکات بە چەمکە نوێیەکەی ناو زانسـتی سـیاسـیش، لەو قۆناغەدا پەیوەندی بابەتی ئاسـایشـی نەتەوەیی تورکەوە هەبوو. لەبەرئەوەی ئەوان هەسـتیان بەوە کردبوو، هەر جۆرە پارچەپارچەبوونێکی خاک و هەر مەترسـییەک لەسـەر یەکپارچەیی خاکەکەیان مەترسـی لەسـەر ئایندەی خودی نەتەوەکەشـیان هەیە. هەربۆیە بە توندی کەوتنە دژایەتی بەش و مادەکانی پەیماننامەی سـیڤەر. نەک تەنها ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو، بەڵکو ئەوەش، کە پەیوەندی بە ئەرمەنەکان و ڕووبەرە ئاوییەکانیشـەوە هەبوو. ڕۆژەکەیان وەک ڕۆژی ماتەمی نیشـتمانی ناسـاند و پێشـوازیانلێکرد (لویس،٢٠١٦: ٣٠٢). بە هەموو شـێوازێکی چەکداری و دیپلۆماسـی و سـیاسـی کەوتنە دژایەتیکردنی پەیماننامەکە. دواجار نەیانهێشـت سـەربگرێت. لەبری ئەوە، بەو بەش و مادە و برگانە ڕازیبوون، کە دواجار لە پەیماننامەی لۆزاندا پەسـەندکرا و بڕیاری لێدرا. نوێنەری تورکەکانیش لەبری نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی، نوێنەری ئەنجومەنی نیشتمانی و حکومەتی ئەنقەرەی تورکە کەمالییەکان بوو.

جیاواز لەمە، هۆکاری دژایەتیکردنی تورکەکان بۆ پەیماننامەی سیڤەر، پەیوەندی بە بابەتی مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکەوە هەبوو، لەبەرئەوەی پەیماننامەکە دەبووە هۆی:

- دابەشکردنی خاکی تورکەکان و جیاکردنەوەی لە ناوچەکانی کوردستان، تراقیا، ئەزمیر، سوریا، نیمچە دوورگەی عەرەبی و میسۆپۆتامیا.
- گۆڕانی خاکی تورکەکان لە ئیمپراتۆریەتێکی فراوانەوە بۆ دەوڵەتێکی ئەنادۆڵی بچووک لە نێوان ئەرمینیا و یۆنان (محمد، ٢٠٢٢: ١٠٣٧).
- ملکەچکردنی بۆسفۆر و دەردەنیل بۆ لیژنەیەکی نێودەوڵەتی و نەمانی لە ژێر دەسەلاّتی تورکەکاندا.
- جگە لەمانەش بەخشینی باشوری کوردستان و کیلیکیلیا بە فەرەنسا و باشوری ئەنادۆڵ تا ناوچەی ئەزمیر بە ئیتالیا (محمد، ٢٠١٢: ٥).

پەیماننامەی سیڤەر، ئەگەر وەک خۆی، جێبەجێبکرایە، ئەوا خاکی تورکەکانی بۆ دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی پەرتپەرتدەکرد (شالوخ،٢٠١٨: ١٩٣)، بۆیە تورکەکان بە هەموو شێوەیەک بەرەورووی وەستانەوە و هەلی جێبەجێکردنیان وەک خۆی نەدا و بەڕابەرایەتی بزوتنەوەی کەمالی و خودی مستەفا کەمال ڕایانگەیاند، کە خاکی تورکیا و تورکەکان یەکپارچەیە و شایستەی پارچەپارچەکردن نییە. بانگەوازی یەکێتی و سەربەخۆیی خاکی تورکیان کرد و سووربوون لەسەر پارێزگاری لە سەرجەم پارچەکانی ولاّت و بەرگریلێکردنی، ئەگەر هەر قوربانییەکیش بخوازێت (وسو، ٢٠٠٥، ٨٩-٩٠).

باسی دووەم (هەوڵی تورکەکان لە پێناوی پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکدا ١٩١٩-١٩٢٣)

تەوەری یەکەم/ یەکخستنی ڕیزی نیشتمانی

پاش ئاگربەستی مۆدرۆس، تورکەکان بە ڕابەرایەتی مستەفا کەمال کەوتنە دژایەتیکردنی دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی. لە سەرەتای ئەم هەوڵانەش مستەفا کەمال پەیوەندی بە بەعیسمەت ئینونووە کرد لە ئەستەنبوڵ، پێکەوە پەیگیری نەخشەیەکی تایبەت بە ناوچەکانی ئەنادۆڵیانکرد و پلانی ئایندەییان تاوتوێکرد. لەوانەش بەرپاکردنی جەنگی سەربەخۆیی بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە داگیرکاری هاوپەیمانان بە گشتی و یۆنانەکان بە تایبەتی (یاسین،٢٠٠٦: ٣٨). هەر لە سەرەتاشەوە کاتێک سوپای عوسمانی مستەفا کەمالی لە (١٩ی مایسی ١٩١٩) وەک پشکنەری سوپای سێ بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ ڕەوانەکرد، ناوبراو پێچەوانەی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی جوڵایەوەو دەستی بە کۆکردنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارەکان کرد، کە دژی بوونی سوپای بێگانە و داگیرکاریی و دابەشکاری خاکی عوسمانی بوون. لەم ڕووەشەوە سێ هەنگاوی پەیڕەوکرد:

یەکەم- پەیوەندیکردن بە سەرجەم هێزە چەکدارەکانی سوپای عوسمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە بیانییەکان.

دووەم- هەوڵدان بە یەکخستنی سەرجەم کۆمەڵە و گروپە چەکدارەکان لە ناوخۆیی دەوڵەتی عوسمانی.

سێیەم- کارکردن بۆ بەستنی چەند کۆبوونەوە و کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ سەرجەم هێز و کۆمەڵەکانی بەرگری لە پێناوی دروستکردنی یەکڕیزی نیشتمانی دژ بە داگیرکاریی و مەترسی دابەشکردنی خاکی تورکەکان.

جوگرافیای دەستپێکی جەنگی سەربەخۆیی تورکەکان لە ناوچە کوردییەکانی ئەنادۆڵ بوو. ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئینونو بوو. هۆکاری هەڵبژاردنی ناوچە کوردییەکان، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە تەنها ئەو ناوچانە مابوون داگیرنەکرابن. لەگەڵ سەختی جوگرافیای ناوچەکە و دووری لە هێزی هاوپەیمانان و دەرکەوتنی کۆمەڵە و گرووپەکانی بەرگری نیشتمانی دژی داگیرکاری بیانی لەو ناوچانەدا. هەروەها کاریگەری هەستی ئاینی لە ناو کوردەکان و سەرۆکی هۆزە کوردییەکان و پیاوانی ئاینداری کورد (حمەخورشید و امین، ٢٠٢٢، ٢٤). لەگەڵ ئەوەشدا ئینونو بۆچوونی وابوو، ئەگەر لە ئەستەنبوڵ دەست بە جموجوڵ و چالاکی بکەن، ئەوا لە بەرچاون و دەستگیردەکرێن. ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون بۆ ئەرمەنەکان. لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییە لەسەر خاکی بەشێک لە ویلاتە کوردییەکانی بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، بە تایبەت (سیواس، ئەرزڕۆم، خارپوت، دیاربەکر، وان و بەدلیس) دادەمەزرا (وسو، ٢٠٠٥، ٨٣). تەنانەت دوای ئاگربەستی مۆدرۆس، عەلی ئیحسان پاشای فەرماندەی سوپای شەشی عوسمانی لە ناوچەی جەزیرەی ئیبن عومەر جوڵانەوەی چەکداری دژی بەریتانییەکان ڕاگەیاند و هانی سەرۆک

هۆزە کوردەکانی دا دژی داگیرکاری بیانی و دابەشکردنی خاکی عوسمانی بوەستنەوە. بەشێک لە کوردەکانیش بەشداربوون (جوەیدە، ٢٠٠٨: ٢٩٤-٢٩٦). چالاکی یانە کوردییەکان لە دیاربەکر، هۆشیاریان لە دژی ئەم داگیرکارییە بڵاودەکردەوە، لە تەنیشت وەستانەوە لە دژی چالاکی ئەرمەنەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ تایبەت بە ئەرمەن (المصدر نفسه، ٢٠٠٨ :٢٩٩-٣٠٠). تەنانەت مستەفا کەمال لە (١٨ی تەمموزی ١٩١٩) لە نامەیەکدا بۆ (جەعفەر تەیار)ی سەرکردەی سوپای یەک لە ئەدرنە، بەم شێوەیە دژی دابەشکردنی خاک دەدوێت: "**مەترسی دابەشبوونی وڵاتەکەمان و هەوڵدانی دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ خنکاندنی سەربەخۆییمان و بێدەسەڵاتی حکومەتی سەڵتەنەت، پاڵمانپێوەدەنێت، کاری بەپەلە و یەکلاکەرەوە بکەین، لە پێناو ڕزگارکردنی وڵات لە داگیرکردنی بێگانە و کلکایەتی و پەرتەوازەیی، لەبەر ئەمە بڕیارماندا بە پێکهێنانی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی ئەنادۆڵ و ڕەتکردنەوەی کلکایەتی لە هەموو سوچێکی وڵات و لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.... بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش لە ژێر پارێزگاری بەریتانیا پوچەڵکرایەوە، دوای ئەوەی کورد و تورک یەکیانگرت لە پێناوی یەکێتی نیشتماندا**" (داقوقی، ٢٠١٢: ١٤٢).

لە شاری ئەماسیا یەکەم کۆبوونەوەی بەرگری نیشتمانی بۆ تاوتوێکردنی ڕێگا و ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی بیانی ئەنجامدرا، کۆبوونەوەکەش لە ڕۆژانی (١٨-٢٢ی حوزەیرانی ١٩١٩) خایاند و بەیاننامەیەک دەرکرا. کە جەختی لەسەر پێویستی پارێزگاری لە یەکپارچەیی و سەربەخۆیی وڵات دەکردەوە. هەروەها بێتوانایی حکومەت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانی وەک ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدات، لەسەر گەل پێویستە، سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. بڕیاردرا، کۆنگرەیەک لە ئەرزرۆم کۆنگرەیەکی تریش لە سیواس بۆ بەرگری لە وڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری بیانی ببەرسترێت (یاسین،٢٠٠٦: ٣٩). ئەمە سەرەتای هەنگاوی کرداری بوو بۆ یەکخستنی ڕیزی نیشتمانی دژ بە پارچەپارچەکردنی خاکی تورکەکان، بە پشتبەستن بە کورد و ناوچە کوردنشینەکان. چونکە هەر لە دەسپێکەوە و بە گەیشتنی مستەفا کەمال بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ، بانگەشەی برایەتی نێوان تورک و کوردی کرد، خۆی بەپارێزەر و ڕزگارکەری خاکی ئیسلام و مسوڵمانان دژی مەسیحییەکان (ئەرمەنەکان) لە قەڵەمدا، بە مەبەستی دەرکردنی داگیرکەرانی بیانی لە نیشتمانی مسوڵمانان (مراد واخرون، ١٩٩٤: ١٨-١٩).

هێندەی نەبرد، کۆنگرەی ئەرزرۆم لە ڕۆژانی (٢٣ ی تەمموز- ٦ ی ئابی ١٩١٩) بە بەشداری نزیکەی (٥٤-٥٦) نوێنەر بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا ژمارەی نوێنەرانی کورد لە نێوان (٢٢ یان ٢٣) نوێنەردا بوو. ئامانجی مستەفا کەمال و تورکەکان لە بەشدارییپێکردنی نوێنەرانی کورد، بریتیبوو لەوەی لە لایەک سودیان لێببینێت بۆ ڕەوایەتیدان بەو جوڵانەوە ڕزگاریخوازییەی، کە بۆ بەگژاچوونەوەی مەترسی یەکپارچەیی خاکی تورک هاتبووەئارا، لە لایەکی تریشەوە بۆ تێکدانی ڕیزی نیشتمانی کورد بوو. چونکە لەوکاتەدا کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی وەک (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) کەوتبوونە هۆشیارکردنەوەی کورد و سوود بینین، لەو دەرفەتەی

هاتبووەئارا، لەبارەی مافی نەتەوەی کورد، لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ، بە هۆی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی وڵاتانی هاوپەیمان. دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و هانی نوێنەرانی دیاربەکر، سیرت، بەدلیس، مەلاتیە، دەرسیم و خارپوتیاندا بەشداری لەو کۆنگرەیەدا نەکەن، ئەوانیش بەشداریان تێدا نەکرد. ئەوەی پاڵنەری زیاتری مستەفا کەمال و تورکەکان بوو، ژمارەی کورد بوو لە دەستەی سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکەدا. لە کۆی (٨) کەسیان (٣) سێ کەسیان کوردبوون، کە بریتیبوون لە (شێخ فەوزی سەرۆکی ڕێبازی نەقشبەندی لە ئەرزنجان و دەرسیم، سەعدوڵا بەگ ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران و حاجی موسا بەگ میرزا زادەی سەرۆکی هۆزی موتکی). دواتر ئەو دەستەیە بووە دەستەی جێبەجێکردن، دوای ئەوەی مستەفا کەمال وەک سەرۆکی کۆنگرەکە دەستنیشانکرا و دەستەکە دانیپێدانرا، ئەوانیش دەسەڵاتی و وتووێژیان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان بە ناوبراودا، لەگەڵ بەخشینی دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی و سەربازی. دواجار کۆنگرەکە ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١- ویلایەتەکانی ئەرزڕوم، سیواس، دیاربەکر، وان، بەدلیس و خارپوت بەشێکن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جیاناکرێنەوە، ناکرێت لەژێر هیچ ناو و ناونیشانێکدا داببڕێنرێن یاخود دابەشبکرێن. مسوڵمانانی نیشتەجێی ئەو ویلایەتانە یەک نەتەوە(ئوممەت)ن و ڕووبەڕووی هەر هەوڵێکی هێزە بیانییەکان دەبنەوە، کە بیانەوێت خاکی مسوڵمانان پارچەپارچە بکەن.

٢- بەهێزکردن و یەکخستنی سەرجەم هێزە نیشتمانییەکان، لە پێناو بەهێزکردنی ڕایەڵەکانی برایەتی ئوممەت.

٣- ئەگەر سوڵتان نەتوانێت پارێزگاری لە سەربەخۆیی ئوممەت و یەکپارچەیی خاکەکەی بکات، ئەوا حکومەتێکی کاتی پێکدەهێنرێت، بە مەبەستی دڵنیایی سەلامەتی ئەو ئامانجانە و ئەو ئەمانجانەی، کە کۆنگرەی نیشتمانی هەڵیدەبژێرێت (داقوقی، ٢٠١٢: ١٤٩).

٤- ڕەتکردنەوە و قبوڵنەکردنی هیچ ئینتیدابێکی بیانی.

٥- پێنەدانی هیچ ئیمتیازاتێک بە گروپە مەسیحییەکان، کە ببنە هۆی تێکچوونی سەربەخۆیی سیاسی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی.

٦- بەستنی کۆنگرەی گشتی لە سیواس بۆ سەرجەم کۆمەڵەکانی بەرگری (حمەخورشیدو امین، ٢٠٢٢، ٢٦).

لەبارەی خاڵەکانی کۆنگرەی ئەرزڕوم، تێبینی ئەوە دەکەین، هەر لە دەستپێکەوە جەخت لەسەر پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاک کراوەتەوە، لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، دژی

پارچەپارچەکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی بوو. زیاتریش باسی ناوچە کوردییەکان هاتوە، ئەمەش هەم لێدان بوو لە هەر هەوڵێکی وڵاتانی هاوپەیمان بۆ دابەشکردنی خاکی تورکەکان و بەخشینی سەربەخۆیی بوو بە ناوچە کوردنشینەکان. هەم لێدانیش بوو لە هەر هەوڵێکی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە داهاتوودا، وەک کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی تر، کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی پێکهێنران، بە مەبەستی داواکردنی مافی کورد. وەک چۆن ئەرمەنەکان پێکیانهێنابوو. لەم هەوڵەدا، تورکەکان بۆ پارێزگارکردن لە یەکپارچەیی خاکەکەیان، پشتیان بە بابەتی ئاین و برایەتی ئاینی نێوان تورک و کورد بەستووە. بەو گوتارە ئاینییە دەدوان، تا وەکو بتوانن باشتر بەرگری لە یەکپارچەیی خاک بکەن. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە تورکەکان چەند وردبوون لە گرتنبەری هەوڵ و هەنگاوەکانیان بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتی خاک و بە ڕووداوەستانەوەی مەترسییەکاندا. لەو کۆنگرەیەدا، مستەفا کەمال و بەشداربووان بە هیچ شێوەیەک، باسی مافی نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانیان نەکرد و ناویان نەهێنان. لەبارەی ناوبردنی ناوچە کوردییەکان، کە وەک زاراوەی کوردستان ناوی نەهاتوە، بەڵکو بە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ناویان هاتوە. ئەمەش بۆ بە دوورگرتنی خۆیان و جوڵانەوەکەیان بوو لە مافی کورد. لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی جوڵانەوەکەی مستەفا کەمال بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری وڵاتانی هاوپەیمانان و ڕزگارکردنی خاکی تورکەکان بوو لەمەترسی دابەشکردن.

دوای چەند مانگێک لە شاری سیواس کۆنگرەیەکی دیکە لە ڕۆژانی (٤-١١ی ئەیلوولی ١٩١٩) گرێدرا و تیایدا بڕیاردرا:

١- بانگەواز بۆ سەربەخۆیی تەواوی وڵات و ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی ئینتیداب.

٢- یەکخستنی سەرجەم کۆمەڵەکانی بەرگری لە ژێر ناوی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی ئەنادۆڵ و تراقیا.

٣- ئەو زەوییانەی ئاگربەستی مۆدرۆس دیاریکردون، زەوی یەکگرتوو پارچەپارچە نەکراوی وڵات پێکدێنن.

٤- کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی (البدیری، ٢٠١٥: ٢٣٤).

٥- پەسەندکردنی میساقی میللی.

٦- هەڵبژاردنی مستەفا کەمال وەک سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکاری کارەکان بۆ سەرکردایەتیکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی و جەنگی سەربەخۆیی.

٧- کارکردن دژی هەموو دەستوەردان یان داگیرکارییەکی بیانی بۆ سەر هەر بەشێک لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی (یاسین،٢٠٠٦: ٤٠).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە مستەفا کەمال و تورکەکان چۆن بڕیارەکانی کۆنگرەکەیان لە بەرژەوەندی یەکپارچەیی خاک و پارێزگاری لە یەکپارچەییدا دارشتوە و زیاتریش پشتیان بە سەرۆک هۆز و شێخانی تەریقەتە ئاینییەکان بەستوە، نەک سەرکردەی سیاسی و دەستەبژێری ڕووناکبیریی کورد. ئەگەرچی دواتر سەرۆک هۆز و پیاوە ئاینییەکانیشی فریودا. بەڵام لەو قۆناغەدا بۆ جوڵانەوەکەی گرنگ بوون، بە کرداریش بۆ پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاکی تورکەکان، سودیان لێبینین. هەر لەم کۆنگرەیەدا، ژمارەیەک لە نوێنەرانی بەژداربوو، بە هۆی مەترسی ئینگلیزەکان لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەیان، تاوتوێکردنی پێشنیازی ئینتیدابی ئەمەریکایان کرد، کە کاتی خۆی دوای ئەوەی لیژنەی هاربورد لە لایەن ویلسنی سەرۆکی ئەمەریکاوە لە ئەیلوولی ١٩١٩ بۆ ناوچەکانی ئەنادۆل و ئەرمینیا نێردرا، دواتر لە (١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٩) ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەکرد و تیایدا پێشنیازی ئینتیدابی ئەمەریکای بە سەر تەواوی ناوچەکەدا کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا خودموختارییەکی فراوان بە تورکەکان بدرێت(محفوض، ٢٠١٦: ٢٠)، بەڵام مستەفا کەمال و بەشێکی تری بەشداربووانی کۆنگرەکە، ئینتیدابی ئەمەریکایان ڕەتکردەوە. بەو پێیەی دژی مادەی شەشەمی کۆنگرەی ئەرزڕوم بوو، کە بریتیبوو لە ڕەتکردنەوەی هەر شێوەیەک لە شێوەکانی ئینتیداب یان وەسایەی بیانی (یاسین،٢٠٠٦: ٣٩).

ناکۆکی لە نێوان مستەفا کەمال و سوڵتان محەمەدی شەشەم (١٩١٨-١٩٢٢)ی عوسمانی ڕوویدا، تا دواجار هەردوو لا وتووێژیانکرد، پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (لویس، ٢٠١٦: ٣٠٦)، کە لە ڕۆژی (١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩) ئەنجامدرا، مستەفا کەمال و جوڵانەوەی سەربەخۆیی توانیان زۆرینەی کورسییەکان بە دەستبێنن. بەجۆرێک لە کۆی (١٧٥) کورسی (١١٦) کورسیان بە دەستبهێنا. مستەفا کەمال وەک نوێنەری ئەرزڕوم هەڵبژێردرا. ناوبراو بڕیاری کردنەوەی ئەنجومەنی نوێی نوێنەرانی لە (١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠) دەرکرد و داوای کرد، سەرجەم نوێنەران لە ئەنقەرە کۆبوونەوەی ئامادەکاری ببەستن. ئەوەبوو لەو کۆبوونەوەیەدا، بڕیاردرا، پەرلەمان لە شاری ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەنقەرە بگوازرێتەوە، بەڵام ڕەتکرایەوە (شالوخ، ٢٠١٣: ٧).

دواتر ئەو بارودۆخانەی لە نێوان لایەنگرانی سوڵتان و بەرەی ڕزگاری نیشتمانی ڕوویدا، ئەو مامەڵە و گوشارانەی، کە هێزی هاوپەیمانان لە سوڵتانیان کرد، بە دابەزینی هێزی سەربازی لە ئەستەنبوڵ و بەرپاکردنی ترس و تۆقاندن و کوشتن و بە دارەوەکردنی لایەنگرانی جوڵانەوەی بەرگری نیشتمانی. هەروەها گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستی توند دژ بە هەندێک لە وەزیرەکانی حکومەت و نوێنەرانی لایەنگری بزوتنەوەی نیشتمانی و مستەفا کەمال، دۆخەکەی بەرەو ئاقارێکی خراپدا برد، کە بە قازانجی مستەفا کەمال و جوڵانەوەکەی شکایەوە. بە تایبەت گوشاری هاوپەیمانان بۆ واژۆکردنی پەیماننامەی سیڤەر لە لایەن سوڵتانەوە، بووە هۆی ناڕەزایی خەڵک و بەرەی ڕزگاری نیشتمانیش بە توندی ئەو پەیماننامەیە و مادەکانیان

ڕەتکردەوە. ئەمەش ڕێگای بۆ مستەفا کەمال خۆشکرد، چونکە سوڵتان بە تەواوی تەسلیمی داواکاری هاوپەیمانان بوو. لەبەرئەوەی ئەو پەیماننامەیە بە واتای کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی و پەرتپەرتکردنی یەکجارەکی خاکی تورکەکان دەهات. بۆیە دواجار مستەفا کەمال ئەمەی ڕەتکردەوە و حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتمانی ڕاگەیاند و خەڵکیش پەیوەندییان بە ڕیزی بەرگری نشتیمانییەوە دەکرد. چونکە دەقی پەیماننامەی سیڤەر لە ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە و بووە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکی توندی جەماوەریی لە سەراسەری وڵات. وەزیرانی حکومەتەکەی مستەفا کەمال پێکهاتبوون لە (فەوزی چەکماک وەزیری جەنگی، عەدنان ئەدیوار وەزیری ناوخۆ، سامی بەکر وەزیری دەرەوە و عیسمەت ئینونوش سوپا سالاری جەنگ). مستەفا کەمال تیمی کابینەی حکومەتەکەی کۆکردەوە، بۆ دانانی پلانی ڕزگارکردنی وڵات لەداگیرکاریی بێگانە. سەرەتاش پێشنیازی لە ناوبردنی مەترسی ناوخۆیی کرد، دواتر مەترسی دەرەکی. بۆیە توانیان بەسەر جوڵانەوە سەربەخۆ خوازییەکانی کورد و ئەرمەن لە ناوخۆدا سەربکەون. دواتریش مستەفا کەمال توانی بەسەر سوپای سوڵتان و هێزی هاوپەیماناندا سەربکەوێت، بە تایبەت بەسەر سوپای یۆنان لە تراقیا. هەواڵی سەرکەوتنەکانی مستەفا کەمال و جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی تورکەکان، گەیشتەوە بە هاوپەیمانان. بۆیە هەندێکیان دڕدۆنگ بوون لە مامەڵە لەگەڵ کردنیان، بەڵام هەندێکی تریان مامەڵەیان لەگەڵ کردن. بەپەلە کۆنگرەیەک لە لەندەن ڕێکخرا و داوا لە مستەفا کەمال کرا، نوێنەری خۆی بۆ کۆنگرەکە بنێرێت (المصدر نفسه، ٢٠١٣: ٩–١٠). ئەمەش دانپێدانانی فەرمی و شەرعیەتدان بوو بە حکومەتە کاتییەکەی ئەنقەرەدا. وردە وردە بارودۆخەکانیش سەریان کێشا بەرەو پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە لایەن مستەفا کەمال و هاوکارەکانییەوە لە ئەنقەرە. خودی ناوبراو کرایە سەرۆکی ئەنجومەنەکە و هەموو دەسەڵاتێک بەخشرا، بەم ئەنجومەنە و سەرۆکەکەی. ئەرکی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە لە پاڵ دانانی دەستوور، ئەرکەکانی تری، بریتیبوو لە گرتنەبەری سەرجەم ڕێوشوێن و ئامرازە سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازییەکان، لە پێناوی پارێزگاریکردن لە یەکپارچەیی خاکی تورکەکان و ڕزگارکردنی ئەو بەشانەی لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی ماوەتەوە، دواجار پاش ڕەنگرێژکردنی سنورەکەی، لە ژێر ناونیشانی تورکیادا بەرجەستە بوو.

تەوەری دووەم/ هەوڵی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (پەیماننامە و کۆنگرەکان)

هەوڵەکانی تری مستەفا کەمال و جوڵانەوەکەی بریتیبوو لە گرتنەبەری هەوڵی دیپلۆماسی بۆ بەگژداچوونەوەی پلانی هاوپەیمانان بۆ دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی و مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەیان دووربخەنەوە. پێشتر ناوبراو توانیبووی لەسەر ئاستی چەکداریی و سەربازیی لە بەرەکانی جەنگی تورکی- ئەرمەنی و جەنگی تورکی- فەرەنسی و تورکی - یۆنانی سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت. ئەمەش پاڵنەر بوو، تاوەکو ڕێگا بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆشبکات لە پێناوی شکستپێهێنانی پرۆژەی پارچەپارچەکردنی خاکی

تورکەکان، کە زیاتر خۆی لە پەیماننامەی سیڤەردا دەبینییەوە و جاڕی مەرگی دەوڵەتی عوسمانی دابوو(شالوخ، ٢٠٠٦: ٣٠). لەم پێناوەشدا حکومەتی نیشتمانی چەند ڕێککەوتننامە و پەیماننامەیەک ببەستێت و بەشداری ژمارەیەک لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیش بکات، لەوانە:

یەکەم- پەیماننامەی تورکی- ئەرمەنی

بە هۆی ئاسەواری جەنگ و هاوپەیمانانەوە، بەشێکی گەورە لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی بە ئەرمینیا بەخشرابوو. ئەمە هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی تورکەکان. مستەفا کەمال سەرەتا بە شەڕ توانی قارس لە (تشرینی یەکەمی ١٩٢٠) وەربگرێتەوە، پاش دروستکردنی گوشاری زیاتر لەسەر سوپای ئەرمینیا، ئەو وڵاتە ناچاربوو پەنا بۆ ئاگربەست ببات و لە(٦ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠) بەپێی چەند مەرجێک ئاگربەست لە نێوان هەردوو لا هاتەئارا. کە بزوتنەوەی نیشتمانی تورکی چەند ناوچەیەک بکەوێتەوە ژێردەست. پاشان وتوویژ بەردەوام بوو، تا پەیماننامەی (کومرو)ی لە (٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠) لێکەوتەوە. بەپێی ئەو پەیماننامەیە، تورکیا بەپێی سنورێکی جوگرافی دیاریکراو، دانی بە ئەرمینیا دانا. لەبەرامبەریشدا ئەوە بەسەر ئەرمینیا سەپێنرا، کە دەبێت پەیماننامەی سیڤەر و هەموو ئەو پەیماننامانەی تر ڕەتبکاتەوە، کە دژی تورکیا گرێیداوە. لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەی سوپاکەی بۆ (١٥٠٠) سەرباز. لە بەرامبەریشدا سوپای کەمالییەکان لە ئەرمینیا دەکشێتەوە. بایەخی ئەم پەیماننامەیە لەوەدابوو، مستەفا کەمال و بزوتنەوەی نیشتمانی تورکی لەسەر ئاستی جەنگی سەرکەوتن بەدەستبهێنن، بووە هۆی بەرزبوونەوەی وره لە ڕیزی نیشتمانپەروەرانی تورک. لە ڕووی دیپلۆماسیشەوە، سەرکەوتنی حکومەتی ئەنقەرە بوو، چونکە بەشێوەیەکی فەرمی دانپێدانرا، بەڵام لەم پەیماننامەیە، ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بوو، بریتیبوو لەوەی تورکەکان ئەرمینیایان لە پەیمانی سیڤەر دوورخستەوە. ئەمەش واتا، کەمکردنەوەی مەترسییەک لەسەر ئایندەی یەکپارچەیی خاکەکەیان (المصدر نفسه، ٢٠١٨: ١٩٤-١٩٥).

دووەم-پەیماننامەی تورکی- سۆڤێتی

دۆخی بزوتنەوەی نیشتمانی و حکومەتی ئەنقەرە، لە بارێکی باشدا نەبوو، چ لە ڕووی دۆخی ناوخۆی و دەرەکی، چ لە ڕووی سەربازییەوە. بۆیە پێویستی بەوە هەبوو، سوود لە سۆڤیەت وەربگرێت. لەبەرئەوەی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، ڕوسەکان لە بەرەی هاوپەیمانان کشابوونەوە و تووشی جۆرێک لە گۆشەگیری بووبوون. حکومەتی ئەنقەرە پێویستی بە کۆمەکی سەربازی هەبوو، بۆ درێژەدان بە جەنگی سەربەخۆی و دەرکردنی هێزە غەوارەکان لەسەر خاکەکەیان. هەروەها دڵنیابوون لە سنوری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەیان، کە بە ڕوسیاوە بوو. دوای ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان هەردوو لا، مستەفا کەمال شاندێکی بۆ مۆسکۆ نارد و دوایکرد وتوویژ ئەنجامبدەن، ڕەشنوسی پەیماننامەیەک لە نێوان هەردوو لا لە (٢٤ی ئابی ١٩٢٠) ئامادەکرا، بەڵام واژۆکردنی نزیکەی حەوت مانگ دواکەوت. تا دواجار وتوویژ جارێکی تر لە (١٦ی ئازاری ١٩٢١) دەستپێکردەوە و واژۆی لەسەرکرا (البديری، ٢٠١٥: ٢٤٣). ئەم پەیماننامەیەش ڕۆڵێکی

گەورەی بۆ بزوتنەوەی نیشتمانی هەبوو، چونکە هێندەی تر پێگەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەهێزتر کرد. لێدانێکی کوشندەش بوو، لە پلانی وڵاتانی هاوپەیمان، دژ بە یەکپارچەیی خاکی تورکەکان.

سییەم-پەیماننامەی تورکی- فەڕەنسی

فەڕەنسییەکان ئەدەنە و کیلیکیا و دەروازەی چیای تۆرۆسیان لە کانوونی یەکەمی ١٩١٩ داگیرکردبوو. کانی خەڵوزی دونجولاتیشیان دەستبەسەرداگرتبوو. بەرامبەر ئەم داگیرکارییە، مستەفا کەمال بژاردەی بەرەنگاری هەڵبژارد. پەلاماری مەرعەش و ئورفەی دا و لە ژێر چنگی فەڕەنسییەکان دەریهێنان. لە قۆناغەکانی دواتردا، هێرش و پەلامارەکانی هێزی نیشتمانی تورکی، دژی فەڕەنسییەکان، لە ناوچەکانی تریش بەردەوام بوو. هەرچەندە فەڕەنسا بۆ پاراستنی داگیرکاریی خۆی لە ناوچەکانی سوریا چەند هەوڵێکی بۆ نزیکبوونەوە لە حکومەتی ئەنقەرە دا لەسەر بنەمای پەیماننامەی سیڤەر. بەڵام مستەفا کەمال ڕەتیکردەوە، تەنها میساقی میللی کردە بنەمای وتوویژ و ڕێککەوتن (شالوخ، ٢٠١٨: ١٩٨). پاش سەرکەوتنی سوپای نیشتمانی تورکی لە جەنگی سەکاریا، واژۆی پەیماننامەیەک لە نێوان فەڕەنسا و حکومەتی ئەنقەرە لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١) کرا (البدیری، ٢٠١٥: ٢٤٥). گرنگی ئەم پەیماننامەیە لەوەدا بوو، کە بوو بە هۆی کەوتنی پەیماننامەی سیڤەر، لەبەرئەوەی بەرەی هاوپەیمانانی دژی مستەفا کەمال و جوڵانەوەکەی ناکۆکی تێکەوت. بەوەش فەڕەنسا دەستبەرداری جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤەر بوو، دانی بە حکومەتی ئەنقەرەشدا نا (شالوخ، ٢٠١٨: ١٩٨).

چوارەم-پەیماننامەی تورکی- ئیتالی

پاش سەرکەوتنی بزوتنەوەی نیشتمانی لە جەنگی ئینونو لە (٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢١) پاڵی بە ئیتالییەکانەوە نا، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرە. لە پەراوێزی ئەو کۆنگرەیەی لە مانگی ئازاری ١٩٢١ بەسترا، نوێنەری هەردوو لا لە (١٢ی ئازاری ١٩٢١) ڕێککەوتننامەیەکی دووقۆڵییان واژۆکرد. بەپێی ڕێککەوتننامەکە ئیتالیا پابەندکرا، بە یارمەتی حکومەتی ئەنقەرە، ناوچەکانی تراقیا و ئەزمیر بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی بگەڕێنێتەوە. لە بەرامبەریشدا جیاوکی پرۆژەی ئابوری لە ویلایەتەکانی ئەنتالیا، بۆردەر، ئەسپارتە، کوتاهیە و چەند ویلایەتێکی تر بە ئیتالییەکان بدرێت. هەرچەندە ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی تورکی ڕێککەوتننامەکەی پەسەندنەکرد، بەڵام سوپای ئیتالیا لەو ناوچانەی پێشتر داگیریکردبوو کشایەوە بۆ سوپای جوڵانەوەی نیشتمانی جێهێشت (بهنان، ١٩٨٩: ٩٢-٩٤). ئەمەش دیسان سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ تورکەکان، لە ئاستی پارێزگارکردن لە یەکپارچەیی خاکەکەیان، چونکە ئیتالیاش لە جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤەر کشایەوە.

پاش ئەم سەرکەوتنە دیپلۆماسییانەی بزوتنەوەی نیشتمانی، لە پەیماننامەی سیڤەرەوە تا ئاگربەستی مۆدانیا (١٩٢٠-١٩٢٠)، چەند کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە

تایبەت بە بابەتی خاکی دەوڵەتی عوسمانی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی یۆنان و حکومەتی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە بەسترا، لەوانە:

کۆنگرەی لەندەن ١٩٢١:

بەرەی ڕۆژئاوا لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ جەنگی خوێناوی بەخۆوە بینیبوو لە نێوان نیشتمانپەروەرانی تورک و یۆنانییەکان لە (٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١)دا. ئاکامەکەی شکستی گەورەی سوپای یۆنانی بوو لەجەنگی ئینونو. ئەم سەرکەوتنەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئایندەی تورکیا هەبوو. بەشێوەیەک هەڵوێستی فەڕەنسا و ئیتالیای بەرامبەر حکومەتی ئەنقەرە گۆڕی. بەریتانیا مابوو، لە ڕێگەی لوید جۆرجەوە نەرمییەکی نواند و دەستپێشخەرییەکی بۆ دەستکاریکردنی هەندێ مادەی پەیمانی سیڤەر خستەڕوو، بە تایبەت لەبارەی کێشەی کورد، بەو مەرجەی حکومەتی ئەنقەرە ڕەزامەندی لەسەر مافی خودموختاری بە کورد بدات، لەگەڵ مافی ئاسوری و ئەرمەن. ئەمەش ڕێگای بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم لە لەندەن لە(٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢١) خۆشکرد. داواکرا نوێنەرانی حکومەتی یۆنان و ئەستەنبوڵ بەشداربکەن (بڕیاربوو نوێنەری حکومەتی ئەستەنبوڵ مستەفا کەمال بێت، بەڵام بەکر سامی نێردرا)(شالوخ، ٢٠١٨: ٢٠٠-٢٠١). کارەکانی کۆنگرەکە لە (٢١ی شوبات تا ٣ی ئازار) بەردەوام بوو. بەکر سامی لە وتووێژەکانی لەگەڵ لوید جۆرج بابەتی ئەزمیر و دەستکاری پەیماننامەی سیڤەری لەخۆگرتبوو (د.خضیر البدیری، ٢٠١٥: ٢٤٣). دوای بینەوبەردەیەکی زۆر، ئەگەرچی هەردوو لا گەیشتنە تێگەیشتن، بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا ڕەزامەندی لەسەر هەوڵەکانی بەکر سامی نەدا و ڕەتیکردەوە. دواجار شاندی وڵاتان کۆنگرەکەیان لە (١٧ی ئازاری ١٩٢١) جێهێشت و مستەفا کەمال پەنای بردەوە بەر بژاردەی سەربازیی بۆ سەرکەوتن لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان. ئەوەبوو یۆنانییەکان لەناوچەکانی ئەنادۆڵ هێرشی یەکەمیان لە (٢٣ی ئازاری ١٩٢١) کردە سەر تورکەکان، بەڵام بە خراپی لە جەنگی دووەمی ئینونو لە (١ ی نیسانی ١٩٢١) تێکشکان. دواتر هێرشی دووەمیان لە (٢٤ی ئابی ١٩٢١) ئەنجامدایەوە، دیسان لە نزیک ڕوباری سەکاریا تێکشکانەوە. ئەم سەرکەوتنە نوێیانەی تورکەکان جارێکی تر بووە هۆی بەهێزبوونی تەواوی پێگەی حکومەتی ئەنقەرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە بەرامبەریشدا شکستی بە سیاسەتی لوید جۆرج و بەریتانیا هێنا بەرامبەر بە دابەشکاری خاکی تورکەکان (البدیری، ٢٠١٥: ٢٤٤).

کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی نزیک ١٩٢٢

بۆ پشتیوانی هەوڵە دیپلۆماسییەکان حکومەتی نیشتمانی ئەنقەرە، یوسف کەمالی وەزیری دەرەوەیان بە شاندێک بۆ فەڕەنسا و بەریتانیا نارد. حکومەتی ئەستەنبوڵیش عزەت پاشای بەشاندێک نارد، واتا، دوو شاند بوونیان لەپاریس هەبوو. پاش سەردانی مارسیلیا، یوسف کەمال سەردانی بەریتانیای کرد و دووجار چاوی بە لۆرد کیرزن کەوت و وتووێژیانکرد، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام و گەڕایەوە پاریس. بەڵام سەرکەوتنە سەربازییەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی

تورک بەسەر یۆنانییەکان پاڵی بە وڵاتانی هاوپەیمانەوە نا، بۆ بەستنی کۆنگرەیەک، بە مەبەستی دەستکاریکردنی پەیماننامەی سیڤەر(بهنان، ١٩٨٩: ١٠٧). جگە لەوەش ئەو پەرەسەندنە نوێیانەی لە ناوخۆی بەریتانیا هاتبووە ئارا، بە هۆی سەرهەڵدانی تەوژمێکی سیاسی، کە گوشاری خستبووە سەر حکومەتەکەی لوید جۆرج، لە بارەی پێویستی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ تورکەکان و بەرپاکردنی ئاشتی لە هندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەمەش حکومەتی بەریتانیا گەیشتە ئەو باوەڕەی دەستکاری پەیماننامەی سیڤەر بکات. هەربۆیە کۆنگرەکە لە پاریس و لە (٢٢ی ئازاری ١٩٢٢) بەسترا. بە کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی نزیک ناونرا. وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمان بەشداربوون (شالوخ، ٢٠١٨، ٢٠٢).

دوای ئەوەی وتووێژی زۆر لەسەر چەند بابەتێک کرا، لەوانە، ئاگربەست و مافی یۆنانەکان لەسەر ئەزمیر و چەند بابەتێکی تر، بەڵام مستەفا کەمال و حکومەتی نیشتمانی نەچوونە ژێر باری ڕەزامەندی ئەو بابەتانەی لەکۆنگرەکەدا تاوتوێکران. بۆیە بۆ گوشار خستنەسەر بەریتانیا، پەنایان بۆ بابەتی ویلایەتی موسڵ برد و بە شێوازی سیاسی و سەربازی بە ناردنی هێز بۆ ناوچەی ڕواندز، بە شێوازی ئاینیش لە ناوخۆی عێراق کەوتنە گوشار خستنەسەر بەریتانیا. لەولاشەوە لە ڕێگای عەلی فەتحی ئۆکیارەوە، مستەفا کەمال هەوڵە دیپلۆماسییەکانی چڕترکردەوە، بە شاندێک ناردییەوە پاریس و لەندەن. بەڵام لوید جۆرج ئامادەنەبوو ببینێت. لە بەرامبەر ئۆکیار ڕێککەوتننامەی لەگەڵ بولگاریا و سرب و ڕوسیای سۆڤیەتی ئەنجامدا، بەریتانیا تەنها یۆنانی بە دەستەوە مابوو بۆ گوشار خستنەسەر حکومەتی ئەنقەرە. مستەفا کەمال جارێکی تر پەنای بۆ بژاردەی سەربازیی بردەوە، لە (١٦ی ئاب – ٩ی ئەیلوولی ١٩٢٢) سەرکردایەتی هێرشی بۆ سەر یۆنانییەکان کرد و توانی شاری ئەزمیر بە تەواوی ڕزگار بکات، دواتر ڕوویکردە تراقیا و تەنگە ئاوییەکان و بە نێوەندگیری فەڕەنسا پەلاماری تراقیا ڕاوەستا، ئەوەش پاش ئەوەی مەرجەکانی حکومەتی نیشتمانی قبوڵکرد (المصدر نفسە، ٢٠١٨: ٢٠٢– ٢٠٣).

ئاگربەستی مۆدانیا (١٩٢٢)

شکستە گەورەکەی یۆنان، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو ئەوروپا هەبوو. ئەوەش بووە هۆی شکستی وڵاتانی هاوپەیمان بە گشتی و بە تایبەت بەریتانیا لە ئاستی تورکیا. بۆیە لە (٢٣ ی ئەیلوولی ١٩٢٢) داوایان لە حکومەتی ئەنقەرە کرد، بە مەبەستی بەستنی کۆنگرەیەکی ئاشتی و واژۆکردنی ئاگربەستێکی دەستبەجێ لەگەڵ یۆنان. کۆنگرەی مۆدانیا لە (٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢) دەستی بەکارەکانی کرد، نوێنەری حکومەتی نیشتمانی عیسمەت ئینونو بوو، نوێنەری بەریتانیاش جەنراڵ هارینگتۆن، نوێنەری فەڕەنساش جەنراڵ چاربی، نوێنەری ئیتالیاش مۆنبیلی و هی یۆنانیش جەنراڵ مازارکی (علی وعودة، ٢٠١٣: ٨٨). وتووێژەکان هەفتەیەکیان خایاند. عیسمەت ئینونو دەیوست باسی پرسە سیاسییەکان بکات، بەڵام هاوپەیمانان دەیانویست بە زووی ئاگربەست لەگەڵ یۆنان واژۆ بکرێت. ئینونو بە مەرجی کشانەوەی هێزەکانی یۆنان لە تراقیای ڕۆژهەڵات ڕازیبوو، دوای دوو ڕۆژ هاوپەیمانان بە مەرجەکەی ئینونو ڕازی بوون و تراقیای ڕۆژهەڵات چۆڵکرا. هەروەک ئینونو داوای ناردنی هێزی کرد بۆ ئەو ناوچانەی یۆنانییەکان لە تراقیا لێیکشاونەتەوە. هەروەها داوای لە بەریتانیا کرد تەنگە ئاوییەکان بە هێز قایمنەکات و بابەتی کەمینەکانیش لە دەرەوەی وتووێژەکانی کۆنگرەکە بمیننەوە (یاسین، ٢٠٠٦ :٦٢). مستەفا کەمال لە ڕێگەی شاندەکەیەوە ڕایگەیاند، میساقی میللی بنەمایە بۆ مافەکانی تورکیا و داوای گێڕانەوەی ناوچە لە دەستچووەکانی کرد، لەگەڵ ئەنجامدانی ڕاپرسی لە تراقیای ڕۆژئاوا و هەڵوەشانەوەی ئیمتیازات و دانانن بە سەروەریی تەواوی تورکیادا.

ئاگربەستەکە لە (١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢) واژۆکرا، بەپێی ئاگربەستەکە هەڵمەتە سەربازییەکانی نێوان یۆنان و حکومەتی ئەنقەرە ڕاوەستا. لەسەر سوپای یۆنان بوو لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا تراقیای ڕۆژهەڵات جێبهێڵێت و دەسەڵاتی مەدەنی تورک بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە. سوپای بەریتانیا لە خاکی تورکیا بکشێتەوە، بە تایبەت لە ئەدرنە و ئەستانبوڵ. ناوچەی تەنگە ئاوییەکان و نیمچە دوورگەی گالیبولی بێلایەن بن (علی وعودة، ٢٠١٣: ٩٠-٩١). هەموو ئەمانە واتای دانپێدانانی هاوپەیمانان بوو بە سەروەری حکومەتی ئەنقەرە بەسەر ئەستەنبوڵ و گەرووەکانی بۆسفۆر و دەردەنیل و تراقیای ڕۆژهەڵات. ئەگەر تەماشای ئاگربەستی مۆدانیاش بکەین، دەبینین درێژەپێدەری سەرکەوتنەکانی حکومەتی ئەنقەرە و بزوتنەوەی نیشتمانی بوو بۆ شکستپێهێنانی پەیمانی سیڤەر و نەهێشتنی مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەیان.

پەیماننامەی لۆزان و بەرجەستەبوونی مەسەلەی یەکپارچەیی خاک

کۆنگرەی مۆدانیا هۆکارێکی سەرەکی بوو لە سەرکەوتنی مستەفا کەمال و جوڵانەوەی نیشتمانی، کە بووە هۆی کۆتاییهاتنی کرداریی پەیماننامەی سیڤەر. لەبەرئەوەی لەو کۆنگرەیەدا، تاڕادەیەکی زۆر خواستەکانی مستەفا کەمال و حکومەتی ئەنقەرە هاتەدی، سەرووەری و دەسەڵاتی بەسەر ئەستەنبوڵدا گەڕایەوە، لەگەڵ بایەخەکانی دیکەی گرنگی کۆنگرەکە. بەهێزبوونی پێگەی حکومەتی ئەنقەرە و مستەفا کەمال، پاڵنەر بوو بۆ بانگهێشتکردنیان بۆ کۆنگرەی لۆزان لە سویسرا، کە لە (٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢) دەستی بەکارەکانی کرد. نوێنەری حکومەتی ئەنقەرە پێکهاتبوون لە هەریەکە لە عیسمەت ئینون و حەسەن بەگ و ڕەزا نور و ژمارەیەک ڕاوێژکار لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕۆمانیاو...تاد (السامرائی، ٢٠١٨ :٣٥٨-٣٥٩).

ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی مستەفا کەمال بۆ عیسمەت ئینون و شاندی تورکەکان ڕوون و توند بوو، کە خۆی لە دانپێدانانی تەواوی هاوپەیمانان بە تورکیا دەبینییەوە. وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەرووەری لە چوارچێوەی ئەو سنورە سروشتییەی خۆی بەدەستبهێنن، کە سەرجەم ئەو زەویانە لەخۆدەگرێت، کە تورکەکان تیایدا نیشتەجێبوون، پێش داگیرکردنی لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، لە واژۆکردنی ئاگربەستی مۆدرۆسەوە. هەروەها ڕەتکردنەوەی هەر دەستوەردانێکی بیانی سیاسی بێت یاخود ئابوری لە کاروباری ناوخۆی تورکیا، بەڵام کارەکانی تری بۆ ئینونو جێهێشت، بۆئەوەی نەرمی تێدا بنوێنێت. ئەوەی لە قازانجی تورکیا و ئایندە سیاسییەکەی بێت. کۆنگرەکە سێ لیژنەی پێکهێنا، یەکەمیان تایبەت بوو بابەتە سەربازییەکان، سنور، کەمینەکان و تەنگە ئاوییەکان. لە کاتێکدا لیژنەی دووەم پەیوەستبوو بە کاروباری بێگانە و غەوارەکان لە تورکیا. لیژنەی سێیەمیش تەرخانکرابوو بۆ بابەتی ئابوری و داراییەکان. ئەگەرچی زۆرینەی وڵاتانی بەشداربووی کۆنگرەکە، هاوڕابوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی داواکارییەکانی تورکیا، بەڵام ئینونو سووربوو لەسەر پەرتکردنی ڕیزی هاوپەیمانان بەکارکردن لەسەر جیاوازی و ناکۆکی نێوانیان. بۆیە کاتێک بابەتی تراقیا و سنوری تورکیا لە ئەوروپا باسکرا، ئینونو لەسەر داواکارییەکانی سووربوو، کە گەڕانەوەی سنوری تراقیا بوو. وەک لە مادەی (٧)ی پەیماننامەی ئەستەنبوڵی ساڵی ١٩١٣دا هاتبوو. لە نێویشیدا ئەو ناوچەیەی لە ڕێگای هێڵی ئاسنەوە ئەدرنە بە ئەستەنبوڵەوە دەبەستێتەوە (یاسین، ٢٠٠٦: ٦٨-٦٩). ئەوەی تایبەت بوو بە بابەتی کەمینەکان، وڵاتانی هاوپەیمان پێشنیازی پێکهێنانی لیژنەیەکی نێودەوڵەتییان کرد، کە ئەرکی پارێزگارکردن لە کەمینەکان لە تورکیا بێت، بەڵام ئینونو ڕەتیکردەوە، ئەمەی بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی تورکیا و سەرووەری وڵاتەکەی دانا. ناوبراو پێشنیازی ئەوەی کرد، کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی تورکییان دەبێت و ملکەچی یاساکانی تورکیا بن، وڵاتەکەشی پابەندە بە پاراستنیانەوە (المصدر نفسە، ٢٠٠٦: ٧٢). لێرەدا بە ڕوونی پاشەکشەی هاوپەیمانان لە مادە و

بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر دەردەکەوێت، بەتایبەتیش لەبارەی کورد. چونکە لە پەیماننامەی لۆزاندا بەندەکانی (٣٨ و ٣٩) لە ژێر ناوی پارێزگاری مافی کەمینەکان، بۆ کەمینەکان تەرخانکرابوو، بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک باس لە مافی نەتەوەکان و چارەنوسیانبکات. بەندی (٣٨) دەڵێت: "**حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات گرەنتی پاراستنی تەواوی ژیان و ئازادی دانیشتووانی تورکیا بکات، بەبێ جیاکاری شوێنی لە دایکبوون یان ڕەگەز یان زمان یان ئیتنیک یان ئاین. سەرجەم دانیشتووانی تورکیا مافی پەیڕەوکردنی هەر تایەفە یان ئاین یان بیروباوەڕێکیان هەیە، بەشێوەی ئاشکرا بێت یان تایبەت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لەگەڵ سیستەمی گشتی و ئاکاری پەسەند دژ نەبێت...**". (نورس، ١٤).

هەرچی مادەی (٣٩) یە بەم شێوەیە باس دەکات: "**هاووڵاتییانی تورکیا ئەوانەی کەمینەی نامسوڵمانن، هەمان مافی مەدەنی و سیاسییان هەیە، کە مسوڵمانەکان هەیانە. هەموو دانیشتووانی تورکیا بەبێ جیاکاری لە بەردەم یاسادا یەکسانن. جیاوازی ئاین یان تایفی یان بیروباوەڕ کارناکاتە سەر مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هەر هاووڵاتییەکی تورکی، بۆ نمونە: وەرگرتن لە وەزیفە گشتییەکان و ئەرک و نازناو و مومارەسەکردنی پیشە و پیشەسازییەکان. هیچ بەربەست و قۆرتێک ناخرێتە بەردەم ئازادی بەکارهێنانی هەر زمانێک، کە هاووڵاتی تورکی بەکاریبێنێت لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان بازرگانی یان ئاین یان ڕۆژنامە یان هەر جۆرێک لە چاپکراوەکان یان لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان. لەگڵ بوونی زمانی فەرمی، پێویستە کارئاسانی بۆ هاووڵاتییانی تورک دەستەبەربکرێت، کە بە زمانی ناتورکی دەدوێن بۆ بەکارهێنانی زمانی تایبەتی خۆیان لە بەردەم دادگاکاندا**".(نورس، ١٤-١٥).

لە هەردوو مادەکەدا، بە هیچ شێوەیەک باس لە مافی نەتەوەکان نەکراوە و تایبەتمەندی نەتەوەییان لەبەرچاونەگیراوە. لەبارەی ئەوەی زۆر بە کەمی باس لە مافە کلتورییەکانیان کراوە، بەڵام ئەوەشی تایبەتە بە باسکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، تەنها وەک دەڵێن، مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، چونکە دواتر نەک جێبەجێنەکران، بەڵکو مستەفا کەمال بە توندترین شێوە کەوتە وێزەی کەمینەکانی تر و کورد، بە تایبەت لە بۆتەی تورکاندن و ڕاگواستن و سەرکوتکردندا پلیشاندنیانەوەیان. بۆیە پەیماننامەی لۆزان بەرهەمی هەوڵی بەردەوامی تورکەکان بوو بۆ ڕەتکردنەوەی دابەشکاری خاکەکەیان و کۆتاییهێنان بە مەترسی پەرتپەرتکردنیان. چونکە لە بیرکردنەوەی ئەواندا، بابەتی یەکپارچەیی خاک، بابەتێکی گرنگ بوو، کە نەیانتوانی دوای جەنگ و کۆنگرە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەستەوەستان دابنیشن. ئەم پاڵنەرەی پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاک لە یەکەم ڕۆژی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاگربەستی مۆدرۆسەوە سەرچاوەی گرت، تا لە کار و خەباتی مستەفا کەمال و بزوتنەوە نیشتمانی و ڕزگاریخوازییەکەیدا ڕەنگیدایەوە. بە درێژایی کۆتایی ماوەی جەنگی سەربەخۆیی بێوچان کاریان بۆ کرد. ئەو بابەتەی تریش، کە پەیوەستبوو بە خاکی ویلایەتی موسڵەوە، هەرچەندە تورکەکان لە لۆزاندا بە ئاسانی ڕازی نەبوون بدرێتە بەریتانییەکان و سەرسەختانە بەرگرییانلێکرد، بەڵام دواجار ڕەوانەی

کۆمەڵەی گەلان کرا. لەبەرئەوەی دواتر وەک کێشەیەکی ئاڵۆز تایبەتمەندی خۆی وەرگرت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە پێویست زانرا لێکدانەوەی لەسەر نەکرێت. دواجار پاش بە دیهێنانی زۆربەی خواست و داواکارییەکانی تورک لە لایەن عیسمەت ئینونوە، واژۆ لەسەر پەیماننامەی لۆزان کرا (السامرائی، :٣٦٠).

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی داڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و کۆتایهاتنی سیستەمی سیاسی و سەربازی و کارگێڕی ئەو دەوڵەتە لە ناوچەکەدا، دوای ڕووخانیشی بە هۆی پەیماننامە و کۆنگرە نهێنی و ئاشکراکانی پێش و دوای جەنگەکەوە، کۆمەڵێک نەخشەی سیاسی و جوگرافی و کارگێڕیی نوێ هاتەئارا.

٢- سەرکەوتنە سەربازی و چەکدارییەکانی مستەفا و بزوتنەوەی نیشتمانی تورکەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا دژ بە یۆنان و فەڕەنسەکان، هۆکارێکی سەرەکی بوو لە دڕدۆنگبوونی وڵاتانی هاوپەیمان لە جێبەجێبوونی بریار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ئاشتی پاریس و پەیماننامەی سیڤەر.

٣- سەرهەڵدانی ناکۆکی و ڕای جیاواز لە نێو وڵاتانی هاوپەیمان لە لایەک و هاتنەئارای گۆڕانگاری ناوخۆیی لە وڵاتانی یۆنان و بەریتانیا، هۆکارێکی تر بوو لە لاوازبوونی ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیڤەر، لەگەڵ سەرکەوتنی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی مستەفا کەمال.

٤- لە سەرووی هەموویانەوە، گرنگی خاک و بابەتی پارێزگاری لە یەکپارچەیی خاک، لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی تورکەکاندا بە تایبەت لای بزوتنەوەی نیشتمانی تورک پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ سووربوونی تورکەکان بەرامبەر پلان و هەوڵەکانی پارچەپارچەکردنی یەکپارچەیی خاکەکەیان.

٥- دواجار بەهێزی ئاستی دیپلۆماسیەتی تورکەکان و بزوتنەوەی نیشتمانی و پێداگری حکومەتی ئەنقەرە و مستەفا کەمال بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو کۆنگرە و پەیماننامەی تایبەت بوون بە بڕیاری دابەشکردنی خاکی تورک و ئەنجامدانی ڕێککەوتنی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتانی بەرەی هاوپەیمان، کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر و هاتنەئارای پەیماننامەی لۆزان هەبوو. کە خەونی تورکەکانی لە بابەتی یەکپارچەیی و نیشتمانی تورکەکاندا بوو، کە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا بوو بەرجەستەیکرد.

## لیستی سەرچاوەکان

یەکەم- بە زمانی عەرەبی:

١- احمد، د.كمال مظهر: كردستان فى سنوات الحرب العالمية الاولى، ت(محمد الملا عبدالكريم)، ط٣، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٣.
٢- باركى واخرون، هنرى: القضية الكوردية فى تركيا، ط١، مطبعة(مؤسسة ئاراس)، اربيل، ٢٠٠٧.
٣- البديرى، خضير: التاريخ المعاصر لايران وتركيا، ط٢، مكتبة مؤمن قريش، بيروت، ٢٠١٥.
٤- براسيموس، اسطفان: المسالة الشرقية وحدود الاقليات من البلقان الى القفقاس، ت(كمال خورى)،ط١، مركز الدراسات العسكرية، دمشق، ١٩٩٦.
٥- حسن، ياسر احمد: تركيا المستقبل عن الذات، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتب، القاهرة، ٢٠٠٦.
٦- فرومكين، ديفيد: سلام مابعده سلام: ولادة الشرق الاوسط (١٩١٤-١٩٢٢)، ت(اسعد الياس)، ط١، دارالريس للكتب والنشر، ١٩٩٢.
٧- كوارترت، دونالد: الدولة العثمانية (١٧٠٠-١٩٢٢)، ط١، مكتبة العبيكان، الرياض، ٢٠٠٤.
٨- للترجمة، مركز نورس: الترجمة الحصرية لاتفاقية لوزان عام ١٩٢٣ بين تركيا ودول الحلفاء. د.س. د.م.ط.
٩- لويس، برنارد: ظهور تركيا الحديثة، ت(قاسم عبده قاسم وساميه محمد)، ط١، المركز القومى للترجمة، ٢٠١٦.
١٠- مانتران، روبرت: تاريخ الدولة العثمانية، ت.(بشير السباعى)، ج٢، ط١، دار الفكر للنشر والتوزيع، قاهرة- باريس، ١٩٩٣.
١١- محفوض، د.عقيل سعيد: الخرائط المتوازية، كيف رسمت الحدود فى الشرق الاوسط؟ مركز دمشق للابحاث والدراسات، ٢٠١٦.
١٢- مراد واخرون، د.خليل على: القضية الكوردية وتاثيرها على دول الجوار، ط١، مركز الدراسات التركية، موصل، ١٩٩٤.

دووەم- بە زمانی کوردی:

١- بێ نوسەر: دەقەکانی سیڤەرو خویندنەوەیەکی تر، و.(سەلام ناوخۆش)، چ١، چاپخانەی (مناره)، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢- جوەیدە، د.وەدیع: جولانەوەی نەتەوەیی کورد، بنەماو پەرەسەندنی، و.(د.یاسن سەردەشتی)، چ١، چاپخانەی (سیما)، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣- داقوقی، د.ابراهیم: کوردی تورکیا، و.(هیمەت عەزیز کاکەیی)، چ١، چاپخانەی(ڕۆژهەلات)، هەولێر. ٢٠١٢.
٤- زوچەر، ئیریک جەی: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ٢، چاپخانەی(سیما)، سلێمانی، ٢٠١١.
٥- هاوار، محمد رەسول: باکوری کوردستان لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشەکەی، ب٢، چ٢، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، ٢٠٠٦.

سێیەم- نامە و تێزی زانکۆیی:
١- بهنان، حنا عزو: التطورات السياسية فى تركيا (١٩١٩-١٩٢٣)، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.
٢- هادى، مراح: الاتجاهات القومية فى تقويض الدولة العثمانية (١٨٧٦-١٩٢٣)، اطروحة دكتوراه مقدمة الى جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية العلوم الاجتماعية- قسم التاريخ (٢٠١٩-٢٠٢٠).
٣- ياسين، علاء طه: عصمت اينو ودوره السياسى فى تركيا(١٨٨٤-١٩٧٣) اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية التربية فى جامعة المستنصرية- بغداد، ٢٠٠٦.

گۆڤارەکان

بە زمانی عەرەبی

١- حمەخورشيدو امين، د.فؤاد ود.تلار على: مصطفى كمال اتاتورک والكورد خلال السنوات (١٩١٦-١٩٢٥)، مج (كلية التربية الاساسية)، ع(١١٥)، مجل(٢٨)، ٢٠٢٢.
٢- السامرائى، د.احمد محمود علو: مؤتمر لوزان ونتائيجه على تركيا الحديثة، مج(مداد الاداب)، مجل(١)، ع(١٤)، ٢٠١٨.
٣- شالوخ، د.هزبر حسن: الدبلوماسية الكمالية ودورها فى الغاء معاهدة سيفر(١٩٢٠-١٩٢٣)، مج(جامعة الانبار للعلوم الانسانية)، ع(٤)، مجل(٤)، كانون الاول ٢٠١٨.

٤- شالوخ، هزبر: المجلس الوطنى الكبير ودوره السياسى فى تركيا (١٩٢٠-١٩٢٤) مج(ديالى) للعلوم الانسانية، ع(٥٩)، ٢٠١٣.
٥- على وعودة، د.كاظم باقر وحسين عبدالكاظم: مؤتمر مودانيا ودوره فى انهاء الحرب اليونانيه- العثمانية (١٩١٩-١٩٢٢) وموقف بريطانيا منه، مج(ابحاث البصرة للعلوم الانسانية، مجا(٣٨)، ع(٤)، ٢٠١٣.
٦- محمد، م.م.فلاح خلف: حلم الوطن تسويات الحرب العالمية الاولى، المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية، ع(٧)، تشرين الثانى ٢٠٢٢.
٧- محمد، م.م.نديم خليل: سياسة تركيا الخارجية من (١٩١٨- ١٩٣٩)، مج(ديالى)، ع(٥٦)، ٢٠١٢.
٨- وسو، اسماعيل احمد: القضية الكوردية فى تركيا غى اعقاب الحرب العالمية الاولى (١٩١٩-١٩٢٣)، مج(التربية والتعليم)، ع(٢)، ٢٠٠٥.

الملخص

أدت الحرب العالمية الأولى إلى انهيار وتفكك الدولة العثمانية وإنشاء خريطة سياسية وجغرافية جديدة في المنطقة، وحصلت بعض القوميات على حقوقها وحرم البعض الآخر منها. بالنسبة للكورد فقد أعطى مؤتمر باريس للسلام (١٩١٩) ومعاهدة سيفر (١٩٢٠) الأمل في إنشاء حكم الذاتى وكيان شبه المستقل على جزء من أراضي شمال وجنوب كردستان، لكن بسبب حرص الاتراك على حفاظ وحدة اراضيهم ومواجهة كل محاولات التقسيم اجهضت هذه الحلم والامل. فى هذا الصدد بدأت جهود الأتراك منذ حرب الاستقلال برفض كل المعاهدات المتعلقة بمسالة تقسيم أراضى الدولة العثمانيه واعتمدوا أشكالا مختلفة من الكفاح السياسي والدبلوماسى والمسلح حتى تم التوقيع على معاهدة لوزان.

تحاول هذه الدراسة الإجابة على سؤال لماذا رفض الأتراك تقسيم أراضيهم من جهة وبذلوا جهودا دبلوماسية ومسلحة لمواجهة هذا التقسيم من جهة أخرى. تهدف هذه الدراسة إلى تحليل نظرة الاتراك حول مسألة وحدة الأراضي وسبل حمايتها منذ اندلاع حرب الاستقلال ١٩١٩ حتى معاهدة لوزان ١٩٢٣.

الكلمات المفتاحية: **الحرب العالمية الأولى، الدولة العثمانية، الكورد، الترک، سيفر، لوزان.**